

شاری خورماتوو

کورتەیەکی جوگرافیی، مێژوویی، ئیداریی نەتەوەیی

ئەحمەد حەمید گەرمکی



2005

حكومەتی هەرێمی كوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوكردنەوە
زنجیرە (٣٧٤)



شاری خورماتوو

كورتەیەكی جوگرافی مێژوویی ئیداریی نەتەوەیی شاری خورماتوو

ئەحمەد حەمید گەرمكی

سلێمانی ٢٠٠٥

شاری خورماتوو

کورتەیەکی جوگرافی مێژوویی ئیداریی نەتەوەیی شاری خورماتوو

نووسینی: ئەحمەد حەمید گەرمکی

بابەت: مێژوویی

تایپ: تەرزە خالید

نەخشەسازی کۆمپیوتەر: مەهدی ئەحمەد

هەڵەبڕی: سەناریا کەریم- مەحمەد عەبدوڵڵا

سەرپەرشتیاری چاپ: سەلام فاتح

نەخشەسازی بەرگ : دیاری جەمال

چاپ: چاپخانەی ڕوون

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن: (٧٤٣)ی ساڵی ٢٠٠٥ی وەزارەتی ڕۆشنبیریی پێدراوە

www.roshnbiri . org

سەرەتا:

بۆماوەی سی وپێنج ساڵیڕەبەق لەساڵی ١٩٦٨ تاکو ٢٠٠٢ بەدرێژایی حوکمڕانێتی ڕژێمی بەعسی لە گۆڕنراو قەزای خورماتوو وەکو شارەکانی تری کوردستان چوارچێوەی سنوری بەتەلی دڕکاوی تەنرابوو لەلایەنی سوپا سەرکوتکەرو دامودەزگای ئاگروبارودی ترسناکەوە، ئاوی سازگاری ئاوەسپی بەبۆگەنی ئەوان لێڵکرابوو، فڕوچەمو بەرزایی ئەملاو ئەولای بەمین چێنرابوو، قەدەغەکرابوو خورماتوو لەبەر ئەوەی کلیلی کەرکوکە لەژێر زوڵمو جەوریان بەکۆچ پێکردن و بەعەرەبکردن و زیندانیکردن شیرازەی کۆمەلایەتی کوردەواری تێدا خاو بووەوە، لەو بارودۆخە ستەمکارەدا لەساڵی ٢٠٠٠ ەوە بەپەرۆش بوم بۆئەوەی نامیلکەیەك دەربارەی ئەم شارە زەوتکراوە بنووسم، نەئەتوانرا ڕواڵەتی کوردەواری بەئاشکرا تێدا زەق بکرێتەوە ئەگەر لەپاڵ حەمدوسەناکردنی ئەو ڕژێمەو دکتاتۆرەکەیدا نەبێت ئەگینا نەك تەنها ماوەی لەچاپدانیم پێنەدرێت بەڵکو بەتێکدەری نەخشەو بەرنامەی ئەوان لەپێنووس دەدرام.

تاکو لەشەوی $\frac{9}{10}$ /٢٠٠٣/٤دا بەشالاوی پێشمەرگەی کوردستان ڕێکخستنەکانی ناوخۆی شار بۆیەکجاری خورماتوو و ئاوەسپی گەڕایەوە ئامێزی کوردستانی ئازاد، سەرلەنوێ پێنووسم هەڵگرت و ئەمجارەیان بەبێ ترس نامیلکەکەم گۆڕی بەقرتاندنی وشەی سەپێنراوو ڕازاندنەوەی بە دەرهێنانی وشەی ڕاستەقینەی کوردی قوتدراو، ئەو وشەو بێژانەی تەعبیر بکەن لە ڕۆحی کوردایەتی بەناستی خەبات و قوربانییەکانی گەلەکەمان تاکو سەرانسەری دنیای هەژاند لە کیماوی باران و قەتڵوعامی بارزانییەکان و

راماڵینی ۱۸۲,۰۰۰کورد لەژن و منداڵی کوردستان بۆ کورەی حەزی سەدام و عەلی کیمیاوی و داروودەستەکانیان، ئەوبوو لە دادگایی کردنی تاوانبار سەدام حوسێندا لەڕۆژی ۲۰۰٤/۷/۱دا یەکەم تۆمەت کە ڕووبەڕووی کرایەوە فەرمانی بەکیمیاوی بارانکردنی هەڵەبجەبوو لەسەروی هەموو تاوانەکانییەوە. لەم نوسینەمدا کورتە مێژوویەکی شاری خورماتووم کۆکردەوە لەتوێی لاپەڕەکانی مێژوو وەکو خۆی گواستومەتەوە لەگەڵ بەستنی بە ڕوداوو واقعی ئێستا و دوێنێی شارەکەوە، لەئاکامی خوێندنەوەیدا بۆ خوێنەر دەرئەکەوێ کە ئەم شارە گەرمیانییەی باشووری کوردستان شارێکی کوردستانییە بەبەڵگەی نەخشەی جوگرافی و مێژووی ژیانی کوردی ناوچەکەو پەیوەستی ئیداری بەکوردستانەوە لەپێش هاتنی رژێمی بەعس. دان بەوەدا ئەنێم کەنوسینەکەم کەموکورتی زۆری تێدایە هەموو یاخود زۆربەی ڕوداوەکانی مێژووی ئەم شارەم بەیاننەکردووە بەهۆی پەلەکردنم لەمکارەمدا چونکە هەست بەبۆشاییەکی مێژوویی دیاریکراوی شارەکەم ئەکەم، لەپێشی من کەس بەم کارە هەڵنەساوە، دواکارم لەنووسەران و مێژوونوسانی گەلەکەم ئەم بەرهەمە بە دەست پێکردێکی ساکار دابنێن و ڕێگرنەبێت لە بەدوواچوون و کۆکردنەوەی مێژووی کوردایەتی ئەم شارە، لەگەڵ بوون و ڕێزگرتن لە مێژووی نزیکی تورکمان و عەرەب لەم ناوچەیەدا.

ئەحمەد حەمید گەرمکی

۲۰۰٤/۷/۲

ڕەگەزی ناوی دووزخورماتوو

شـاری خورمـاتوو بەگـەلێك نـاوی جۆربـەجۆرەوە ئەناسـرێت وەك: دووز، خورماتوو، توز، دووزخورماتوو ، توزخورماتوو.

بـیروڕای زۆر هەیـە لەسـەر بنـەڕەتو ڕەگـەزی ئـەم ناوانـە، پـارێزەر جـەمال بابان ئەو بۆچونانە لەسێ خاڵی سـەرەكیدا كۆ ئەكاتـەوە بـەم شێوەیە[1]

یەكەم: بناغەی ناوەكە (خورما-تی)یە یان (خورما-توو)، خورما وشەیەكی كوردییە، هەربەو شێوەیە توش وشەیەكی كوردی پەتییە، واتاكـەی وائەگەیـەنێ (تـووی چەشـنی خورمـا) بێـت لەبـەر شـیرینیو گەورەیی دانەكانی.

دووەم: ئـەم نـاو لێكـدراوەی (دووزخورمـاتوو) ئـەوە ئەگەیـەنێ كـە دووز بـەتوركی واتـە خـوێ، خورمـا وشـەیەكی كوردییـە، زانـراوە لـەنزیكی شـارەكە بـیری خـۆی هەیـە، بـەڵام بـۆ ئـەم نـاوە لێكـدراوە خراوەتە پاڵی یەكتر بۆ دوو ناوی جیاواز؟

جیاواز لـەپێكهاتنو تاموچـەژدا. ئەمـەیان پێویسـتی بەلێكۆڵینـەوە هەیە.

سێیەم: ناوەكـە ئاشـورییە، لەدێرزەمانـدا ئـەم جێگایـە پێـی وتـراوە خیرمەتی لەپاشاندا گۆڕاوە بە (خورماتی-خورماتوو) لەپاشـاندا دووز یان توووزی خراوەتە پاڵ كە ماناكـەی ئەبێتـە(شـوێنیخوێی خێروەتـی) دووز وشـەیەكی تـوركی یـان توركمانییـە واتـە (خـوێ)، ئەگـەر ئـەم

---

[1] پارێزەر جـەمال بابـان (اصـول اسمـاء المدن والمواقـع العراقيـه) بـەرگی یەكـەم - بەغداد ١٩٧٦ لاپەڕە ٢٤٧-٢٤٩.

هەروەها بڕوانە (شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ) مستەفا نەریمان- بەغداد ١٩٨٥.

ناوەیان خرابێتە سەر ناوی پێشوی ئەم شارە لەسەردەمی حوکمڕانی تورکی عوسمانیدا، وا بۆچونێکی ڕاستە بەڵام ناوەکە لەسەردەمی تورکی عوسمانی کۆنتربێت ئەوا پێویستی بەلێکۆڵینەوە هەیە.

(تووزخورماتوو) نیشتمانێکی کۆن بووە بە(خۆشیتو)یان خۆرشیتۆم ناسراو بووە ئەمیشە زمانی ئەکەدییەکانە لەنوسراوە مزمارییەکاندا هاتوە لە سولالەی تووری سێیەم کە پاشای ئەو سەردەمە (مارهۆنی) بووە هاوچەرخی هەردوو پاشای سۆمەری (پۆرسین)و (ئەدۆکینا) بووە، لەو سەردەمەدا دەوڵەتی (خارش) یان (خورشیتۆم) دەسەڵاتی سەربەخۆیی بەدەست هێناوە. لەکاتی حوکمڕانی (ئەبتاوێن)ی تۆڕیدا هاوچەرخی پاشا (بازامۆ)و پاشای سۆمەری (شۆلکی) بووە کە دووەم پاشای تووری سێیەم بووە لەسالآنی (٢٠٤٩-٢٠٤١)پ.ز.

لە(المرشد)ا هاتوە کە نیشتمانی (خورشیتۆم) ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بابلی کۆن. لەوانەشە بەخورماتوو وترابێت (خانیجار) بەزمانی فارسی واتە (خانی قیر).

خورماتوو بەلای (یاقوت)و(ابن الاثیر)ەوە شارێکە ئەکەوێتە نێوان بەغدادو هەولێرەوە لەپاش داقوق.

مامۆستا (وائل الربیعی) ئەڵێ: بەلامەوە شتێکی نامۆیە کە (ئیلیا دیمەشقی) شاری (لاثوم) بەشاری (خاینجار) ئەزانێ کەواقیری تێدایە لەگەڵ ئەو باسەیدا دەستنیشان بۆ شاری (دقوقا)،(داقوق) ئەکات.

لەسەرچاوە عەرەبییەکانەوە وادەرئەکەوێ کەوا شاری (خانیجار) (دووزخورماتوو)ی ئێستایە کە ئەکەوێتە سەر ئاوەسپی، ئەمیش لقێکە لە لقەکانی روباری عزێم.

لەنوسراوە بابلییەکاندا وشەی (ئۆمرداتۆ)،(خورماتوو) ئەبینرێ، ئەم بێژەیە تاکو ئێستا بەشێوەیەکی تۆپۆنۆمیکی لەناوچەی خورماتوودا بەکارئەهێنرێت. لەچەشنی ناوی (باگاداتو-باگادات) کە گۆڕاوەتە بەغداد واتە (بەخشندەی خوای باگا).

لەسولالەی ئوری سێیەمدا پێی وتراوە (خۆرمۆرتی لەنوسراوە عیلامییەکانیشدا بە (خۆرشیتۆ) بینراوە کە ئەکاتە ئێستای دووزخورماتوو، ئەم بۆچونەش راستکراوەتەوە لەکاتی دۆزینەوەی نوسراوەکانی کۆشکی (پۆخیبا) پاشای (خۆرشیتۆم).

لەمەسەلەی (بۆزۆد)ا (شوشناك) باسی پێشەواکانی ئەم ناوچەیە ئەکات کە ناوچەی (خۆرتیم) یان (خۆرتۆم)ی ئەکەدییە، ئەو ناوچەیە ئەکەوێتە ڕۆژهەلاتی روباری دیجلەو باکوری روباری سیروانەوە[1]

کارو پیشەی ئێمەی کورد لە خورماتوودا جوتیاری‌و بەخێوکردنی مەڕومالات بووە، بۆیە لەدێهاتەکانی دەوروبەری ئەم شارەدا دەژیاین تاکو سالانی هەشتاکان (دووز)مان نەبیستبوو تەنها خورماتوو نەبێت، وشەی دووز بڕا تورکمانەکانی ناو شاری خورماتوو خستویانەتە پالی ناوە رەسەنەکە بۆیە بۆ چونەکەی دکتۆر کەمال مەزهەر پرپێستی خۆیەتی کە ئەلێ[2]

خورییەکان بۆ ماوەی سەدەیەك حوکمڕانی ولاتی ئاشوریان ئەکرد، بێگومان ئەوان گەلێك شارو شارۆچکەی سەربە کەرکوکیان بنیاد ناوە گرنگترینیان (توزخورماتوو) وە کە تاکو ئەمڕۆ ناوی ئەوان هەلئەگرێ، ناوە ڕەسەنەکەی (خورماتوو)ە کە لە دوو وشەی

---

[1] د جەمال رەشید ئەحمەد (دراسات كردية في بلاد سوبارتو) بەغداد ١٩٨٤ لا ١١٠.

[2] د کەمال مەزهەر ئەحمەد (كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير) لا ٧-٩

ئاوێتە پێك دێت (خور) واتە خوریيەكان، (ماتوو) واتە شار بەلای ئەكەدییەكانەوە، بەو شێوەیە (خورماتوو) واتە (شاری خوریيەكان)،لەسەردەمانی ئیسلامیدا هەربەم ناوەوە ناسراوە تاكو كۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بێئەوەی خەڵكی ماناكەی بزانن بەناوە بناغەییەكەیەوە. بەهەڵە تێگەیشتون وا بۆی ئەچن گوایە ماناكەی دوو وشەی (خورما)و (توو)ە كە ئەم شارە بەناوبانگە لەو دوو بەرهەمەداو ئەو گەڕیدانەش وابەم شارەدا تێپەڕبون دەستنیشانی بونی ئەو دوو دارەیان بەچڕوپڕی كردوە[1]

خورماتو دوو وشەی كۆنن لەكوردیدا بەكارهێنراون یەكەمیان لەزمانی ئەكەدی كۆندا بەكارهێنراوە، بەبێژەیەكی نزیك بەم ناوە لەزمانی بەهولی‌و بازەند (تفسیر الأفیستا)و ئەرمەنی‌و غەیری تر هەبووە[2]

وشەی دووەمیان (توو)لەو زمانەدا بەكارهێنراوە هەروەكو چۆن ئەمڕۆ وشەیەكی كوردییە، لەسەردەمی ئارامی‌و سریانیشدا بەوشێوەیە[3]

دكتۆر كەمال مەزهەر درێژە بەباسەكەی ئەداو ئەڵێ: خەڵكی شاری خورماتوو بەنەزانی ناوی بەرهەمێكی تریان خستە سەرناوی شارەكەیان ئەویشە دووزە بەكوردی واتە خوێ، لەبەر ئەوەی ئەم وشەیە توركییە دیارە برا توركمانەكان خستویانەتە سەر ناوە رەسەنەكەی تاكو بووە (دووز خورماتوو).

---

[1] طارق نافع الحمداني (التاريخ الغياثي) بغداد ١٩٧٥ لا ٩٠

[2] دكتۆر محمد معين، برهان قاطع، جلد دوم. تەهران ١٣٣١ شەمسی لا٧٣٨

[3] سەرچاوەی پێشوو، بەرگی ١ تەهران ١٣٣٠ شەمسی لا ٥٢٨

تا سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم بەناوی یەکەمیانەوە (خورماتوو) نەناسرا، بەڵگەش لەسەر ئەوە نوسراوەی گەڕیدەکانە وەکو:

گەڕیدەی ئینگلیزی جیمس بەکنغهام لەساڵی ١٨١٦ (رحلتی الی العراق سنه ١٨١٦) سلیم طةالتكريتي گۆڕیویەتییە سەر عەرەبی- بەغداد- بەرگی (١) لاپەڕە ١٥٦-١٦٨ هەروەها (المنشيءالبغداد) لە(رحلة المنشيءالبغدادي) دا ساڵی ١٨٢٠.

کفری لەتۆمارەکانی ئاشووری هاوشێوەی (خورتو) کە ئەمە بەدەرکەوتوە لەتۆمارە عیلامییەکان بەرامبەر بە (خورمووتوم)ی ئەکەدی، کە هەردوکیان بە کفریو خورماتوو ئەوترێت لەکوردیدا. ئەم ناوانە دادەنرێت بەناوی (سوپاری) کۆن کەتاکوئێستا ماوەتەوە.[1]

لەمێژووی نزیکیشدا لە ساڵانی ١٩٦٨-٢٠٠٤ بەدرێژایی حوکمڕانی حزبی بەعس، لەعێراقو بەتایبەت لەکوردستاندا ناوی دارو بەردیان کردە عەرەبی، تەنانەت وشەی دووزی لکێنراو بەناوە بنەڕەتییەکەی (خورماتوو)ەوە وەگۆڕییە(طوز)تاکو بووبە(طوز خورماتوو)، لە بەڵگەنامەو نووسراوەی ڕەسمیشدا تەنها ناوی (طوز) یان بەکار ئەهێنا. ئەمڕۆش لەپاش پرۆسەی ئازادی عێراقوکوردستان بەلای کوردی شارەکەوە وابەڕاستی ئەزانن کە ناوی شارەکەیان تەنها خورماتووبێت.

---

[1] نەڕژی (گۆڤاری کەرکوك) ژمارە ١٤ساڵی ٢٠٠٢ ٩٧لا. هەروەها مەعروف قەرەداغی مەردۆخی، فەرهەنگی کشتوکاڵ بەرگی دووەم چاپخانەی (دارالسلام) بەغداد.

جوگرافیای خورماتووو ئاوەسپی

قەزای خورماتوو یەکێکە لەشارە دێرینەکانی کوردستانی باشور (کوردستانی عێراق)، بەشێکە لە ناوچەی گەرمیان[1]، سنوری ڕۆژئاواو باشووری ڕۆژئاوای بەزنجیرە بەرزاییەکانی حەمرین کۆتایی پێدێت، کەسنوری باشوری کوردستانیگەورەشە. ڕوبەری ناوچەکە نزیکەی ٤٤کم^{2}زیاترە.

خانوبەرەی مەڵبەندی شارەکە ئەکەوێتە پاڵ زنجیرە بەرزاییەکانی هەنجیرەوە لەسەر شەقامی سەرەکی نێوان بەغدادو کەرکوك- ڕوباری وەرزیی ئاوەسپیش بەکەناری شارەکەدا تێدەپەڕێ لەقۆڵی باشورەوە. زنجیرە بەرزاییەکە ئەکەوێتە ڕۆژهەلاتو باشوری ڕۆژهەلاتی خورماتوو خەڵکی ناوچەکە پێی ئەڵێن شاخی ئیمام عەلی، کەلێکیشی لێیە ئێمەی کورد پێی ئەڵێن (کەلی هەنجیرە) بەقەدپاڵەکەوە کانیاوێکی هەیە هەردەم دەوروبەری چیمەنو سەوزاییە. ئەم زنجیرە گردە لەسەردەمی عوسمانییەکاندا پێی وتراوە (نەفت داغ)[2] بەرزاییەکەی ئەگاتە ١١٦١ پێ لەئاستی دەریاوەو شاخی کفریش

---

[1] مێژووناسی کورد بەڕێز دکتۆر کەمال مەزهەر لە (کرکوك وتوابعها حکم التاریخ والضمیر) لاپەڕە ١٥ ئەڵێ: سەرچاوە سریانییەکان بەکەرکوك و دەوروبەری وتویانە باث گەرمە(Beth Garme). سلوقییەکانیش بەقەڵاکەی کەرکوك وتویانە (سەربەگ-سەربوگ) (Sarbug)،ئەوەی کەسەرنج راکێشەرە ئەوەیە زمانی ئەمڕۆی کوردیمان وشەی زیندووی نزیکی تێدایە لەناوەکانی ساسانیو سریانیو سلوقی. وشەی گەرمەکان نزیکە لەوشەی گەرمیانەوە کە ئەمڕۆ کورد بەو جێگایانە ئەڵێ (گەرمیان) کەناوچەی گەرمن کەرکوكو دەوروبەریشی ئەگرێتەوە.

[2] بابەتی جوگرافیای عەسکەری- تایبەت بەکولێژی عەسکەری بەغدادەوە- ساڵانی نەوەتەکان. لا٢١٢

بەرزاییەکەی ئەگاتە ١١٨٠ پێ کە قەزای کفری ئەکەوێتە دامێنی رۆژئاوای. پەیوەندییەکی ئیداری و جوگرافی راستەوخۆ هەبووە لەنێوان خورماتوو وکفریدا بەدرێژایی مێژووی زانراو هەموو بەڵگەنامە مێژووییەکان ئەو پەیوەندییە ئەسەلمێنن لەسەدەی بیستەمدا لەساڵی ١٩٢٢خورماتوو کراوە بەناحییە سەر بەقەزای کفری. لەوکاتەدا داقوق قەزابووە سەربەکەرکوک .لەساڵی ١٩٥١دا خورماتوو کراوە بەقەزا سەربە کەرکوک وداقوق کراوە بە ناحییە سەربە خورماتوو. لە داهاتودا بەدرێژی باس ئەکرێت..لەساڵی ١٩٧٦ دا خورماتوو لە کەرکوک دابڕێنراو خراوەتە پاڵ تکریت لە پڕۆسەی بە عەرەب کردنی کەرکوک و دەوروبەریدا .لەڕوی تۆبۆغرافیاوە زەوی وزاری دەوروبەری خورماتوو دوو جۆری جیاوازن، یەکەمیان ڕوبەرێکی فراوانە لەنێوان زنجیرە چیاکەی دووزو چیای حەمریندا بەرەو رۆژئاواو باشوری رۆژئاوای ئەم شارە کە زەوی و زاری هەردوو ناحییەی ئامرلی وسلێمان بەگە دەشتێکی پان وبەرینە تەپەوتەلانی کەمی تێدایە لەگەڵ دێهاتە کوردییەکانی سەر بەقەزاکە راستەوخۆ وەکو ئەلبو سەباح و پارەپارەو شاسەیوان. بەشی دووەمی ناوچەیەکی هەورازو نیمچە ساختە زۆربەی ڕوبەرەکەی تەپەو تەلانە ئەکەوێتە رۆژهەڵاتی خورماتووەوە پشتی زنجیرە چیاکەی شارەکە، زەوی وزاری هەردوو ناحییەی نەوجول و و قادرکەرەم ئەگرێتەوە تائێستاش مەڵبەندی ئەم دووشارۆچکەیە بنیاد نەنراوەتەوە کشتوکاڵی ناوچەی رۆژئاوای شارەکە نەبێت ئەکەوێتەسەر پرۆژەی ئاوی کەرکوک- عزێم کە دیکتاتۆری پێشوو بەناوی خۆیەوە ناوی نابوو.

سنوری زەوی‌وزاری ئەم ناوچەیە لە باکورەوە قەزای داقوقە لەباشورەوە قەزای کفرییە لە ڕۆژهەڵاتەوە ناحییەی سەنگاوی سەربەقەزای چەمچەماڵە. گرنگترین بەروبوومی کشتوکاڵی ناوچەکە گەنم‌وجۆو دانەوێڵە بەگشتی لەوەرزی زستاندا لەهاوینیشدا کونجی‌و گەنمەشامی‌و شوتی‌و خەیارو ترۆزی‌و کاڵەك‌و بامێ‌و تەماتەیە. جگە لەکشتوکاڵ‌و سامانی ئەم ناوچەیە بەڕێژەیەکی سەرەکی ئاژەڵ بەخێوکردنە لەمەڕوبزن.

ئاوەسپی:

ئاوەسپی ئاوەڕۆیەکی هەمیشەییە لە ئامێزی چەم‌وخرێکی پان‌و، ناوەندی هەردوو بەری هەردەم لە سەوزاییدایە. لە بەشی ڕۆژئاوای سەگرمەی سەر بەناحییەی سەنگاو بەچەند کانیاوێك دەست پێدەکات بەدێکانی بەعەشیرەتەکانی جاف‌و زەنگەنەو داودەو بەیاتدا تێدەپەڕێ[1]، تاکو ئەڕژێتە گۆماوی بەربەستی عزێمەوە[2]. درێژاییەکی نزیکەی ١٠٠کم ئەبێ. ئەم ڕوبارە لەسەرچاوەوە ڕوبارێکی هەمیشەییە بەڵام لەزستان‌و بەهاراندا ئاوی زیاد ئەکات..لە هاوینیشدا کەم ئەبێتەوەو بەبۆنەی بەکارهێنانی لەبەروبومی هاوینەدا

---

[1] قانع رەشید ئیبراهیم- ئاوەسپی لەچاوگەوە بۆ ڕێژگە-گۆڤاری ڕەنگین ژمارە ١٤٢-١٤٣ ساڵی ٢٠٠٠

[2] ئەم بەربەستە لەساڵانی هەشتاکانەوە دەستکرا بەدروست کردنی لەسەر بەرزاییەکانی حەمرین لە باشوری ڕۆژئاوای شاری دووزدا بەدوری نزیکی ٤٠کم بۆ بەربەست کردنی ئاوی هەرسێ ڕوباری وەرزیی ئاوەسپی‌و ڕۆخانە(باسەڕە)و ئاوی خاسەی کەرکوك لەنزیکی ئەو بەربەستە یەکدەگرن‌و ئەو دیوی بەربەستەکە ڕوباری عزێمەو ئەڕژێتە دیجلەوە.

نزیك شاری خورماتوو وشك ئەكات بۆیە لەو ناوچەیەدا بەڕوبارێكی وەرزی دادەنرێت.

ئاوەسپی جیاكارییەكی جوگرافی پێوە بەدی ئەكرێ كە لە سەرچاوەوە بۆ ڕێژگە ئەكەوێتە خاكی كوردستانەوە. ئاوەسپی لەسەردەمی توركەكانەوە لەژێر دەسەلاتی ئیمپراتۆرێتی عوسمانییەوە (آق صو)ی پێئەڵێن لەوكاتەدا زمانی توركی زمانی دەسەلاتدار بووە تاكو ئێستاش لەنەخشە ڕەسمییەكانی عێراقدا بەم ناوەوە ناو دەبرێت.

ئاوەسپی وشەیەكی زۆر كۆنە ئەم ڕوبارەی پێ ناسراوە لەپەڕاوێزی (رحلة المنشيء البغدادي)داهاتوە: [1]

(ئاوەسپی: كورد پێی ئەڵێ: ئاوەسپی، سەرچاوەی لەكانیاوە، لە كاتی هەڵقوڵانیدا بەشێوەی كەفی سپی ئەبینرێ بۆیە پێی وتراوە ئاوەسپی، ئاوی تریشی تێكەڵ ئەبێت لە بارانوو لافاوی زستانو بەهار، ئاوەكەی سوێرە، وشك ناكات، بەلام لەوەرزی بەهاراندا زیاد ئەكات، ئاودێری بەنگیجەو[2] بەیاتو داودە ئەكات)

---

[1] سەید محەمەدی كوڕی سەید ئەحمەدی حەسەنی ناسراو بە (المنشيء البغدادي) لە (رحلة المنشيء البغدادي) بەزمانی فارسی- ساڵی ١٨٢٢. پارێزەر (عەباس عەزاوی) كردویە بەعەرەبی لەساڵی ١٩٤٨- لا ٥٤.

[2] دێیەكی گەورەیە ئەكەوێتە ڕۆژئاوای خورماتووەوە بە دوری ٥كم خەڵكەكەی كوردو توركمانن، توركمانەكانی زۆرترە. زۆربەیان لەپێش پرۆسەی ئازادی عیراق خۆیان بەعەرەب دادەنا سەربەعەشیرەتەكانی عوبیدو عەززەو بەیات.

کانەکانی خورماتوو

کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندە بەئاسمانی پڕنیگای سەرچاوەی خێروبێر لەهەوری باراناوی، ئاسمانی رازاوە بەمەل و باڵندەی سەربەست. سەر رووی زەمینی هەمیشە سەوزاییە بەپیت وبەرەکەتی خاک و زۆری سەرچاوەکانی ئاوی، بەو شێوەیەش زیاترسکی ئەم خاکە پڕ لەکانی زێڕینە.

خاکی ناوچەی خورماتوو سامانێکی شاراوەی بەکارنەهێنراوی هەیە لەجۆرەکانی کان گرنگترینیان: نەوت وخوێ وگەچ و قایەیە.

نەوت:

خورماتوو شارێکی سەربەکەرکوک بووە، کەرکوکیش بەنەوت ناسراوە لەو رۆژەی کەوا نەوتی تێدا دۆزراوەتەوە. لەبەر گرنگی نەوت لەمیانی پیشەسازی و بازرگانی و جەنگدا عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بۆتە هیواو ئامانجی وڵاتانی پیشەسازی بیانی، نەوت بووە سەرنج ڕاکێشەری هێزی دەوڵەتی بۆ داگیرکردنی.

نەوت پێویستیەکی جیهانییە پاڵی بەپسپۆرانەوە نا بەدوایدا بگەڕێن. هەرکە بۆنی نەوتی کوردستان چووە لوتی وڵاتانی رۆژئاواوە، شالاویان بۆسەر ئەم خاکە دەستی پێکرد. پێشەکی لەموسڵداو لەپاشاندا بۆسەرکەرکوک. لەساڵی ١٨٩٩دا ئەمریکا هەوڵی داوە بۆ قایل کردنی سوڵتان عەبدلحەمیدی دووەم سوڵتانی عوسمانی بۆخستنەگەڕی کۆمپانیا ئەمریکییەکان لەپێناوی دۆزینەوەی نەوت لەو وڵاتانەی کەوتونەتە ژێر ڕکێفی عوسمانییەوە.

لەساڵی ١٩٢٥دا کۆمپانیای نەوتی تورکی لەپاش کۆنفرانسی سان ریمۆ داوای مافی خۆیکرد لەنەوتی عیراقدا لەحکومەتی عیراق.

لـەـ١٤ی ئـاداری ١٩٢٥دا ئەوکۆمپانیایـــە لەلایـــەنی حکومـــەتی عیراقییـەوە ئیمتیـازی لەنـەوتی عیراقدا پێـدرا، لەبەرهـەمهێنانی نـەوتی بەسرەو خانەقین بۆماوەی ٧٥ ساڵ. لەپاشـاندا ئـەم کۆمپانیایـە لەسـێ شاردا نوسینگەی کردەوە کە:

بەغدادو کەرکوكو دووزخورماتوو بون، لـە ئاداری ١٩٢٥ دەسـتیان کرد بەپێوانی جیۆلۆجیو پشکنینیی نەوت[1].

لـەرۆژی ١٤ی تشـرینی دووەمـی ١٩٢٧ بۆیەکـەم جار بیری نـەوتی باباگورگوڕ لەکـەرکوك بەتونـدی تـەقی لـەپاش ٨رۆژ هەوڵـدان توانیـان زاڵ بین بەسەر ئەوبیرەدا.

هەڵکەندنی چاڵی نەوت لەجێگاکانی تریشدا هاتە بەرهەم لە (نەفت داغ)ی باشـووری رۆژهـەلاتی دووزخورمـاتوو لەگـەڵ (ئینجانـە)[2]نزیـك رووبـاری عـزێم و باشـووری رۆژئـاوای کفـریو شـاخی حـەمرین و رۆژئـاوای قەرەتەپـەو نارجیـلو زەمبـووری نزیـك کـەرکوك. لـەماوەی شـەش سـاڵدا کۆمپانیاکـە تـوانی هـەموو ئەوبیرانـە تـەواوبکات. لەبـەر دەوڵەمەندی نەوتی کەرکوك هەموو ئەوبیرانـەی دەورروبـەری خورمـاتوو لە بەرهەمهێنان راگیراون[3]

---

[1] عبدالمجیدفهمي حسن(دلیل تاریخ مشاهیر الالویة العراقیة)ب١ کرکوك ١٩٤٥ ل٢٨

[2] ئینجانـە ئەوناوچـەیەیە کـە ئەکەوێتـە سـەر بەرزاییـەکانی زنجیرە بەرزاییـەکانی حـەمرین لەسەر رێگای دووز- بەغداد.

[3] عبدالمجید فهمي(دلیل تاریخ مشاهیر الالویة العراقیة) ب١ ل٢٩

سەرچاوەکانی نەوتی ناوچەکە لەناخی زەویدا تێکەڵاون وازانراوە کە دەریاچەی نەوتی عیراق تێکەڵاوە لەگەڵ نەوتی باکۆی ڕوسیاو لەگەڵ نەوتی باشوری ڕۆژئاوای ئێراندا.

ناوچە نەوتیەکانی عیراق بەچوار هێڵی سەرەکی دەستنیشان ئەکرێ ئەمانەن:[1]

١. ئەو هێڵەی لەباکوری زاخۆوە دەست پێدەکات نزیک گوندی شرانش بەحەمام عەلیلدا تێدەپەڕێ لەباشوری موسڵ، ئینجا بەباباگوڕگوڕی باکوری کەرکوکو دووزخورماتوو لە (نەفت داغ)دا کەلەوێ سەرچاوەو بیرێکی زۆری هەیە. لەقەسری شیریندا کۆتایی پێدێت نزیکی سنوری عیراق-ئێران، وا دانراوە کە ئەم سەرچاوەیە ئەگاتە سەرچاوەکانی نەوتی خوزستانی ئیرانی لە قیرابو دالیکو ئەهوازو بەندەرعەباس. درێژترین سەرچاوەی نەوتی ژێر زەمینە لەجیهاندا. لەبەر زۆری نەوتی ئەم سەرچاوەیە لەگەڵێك جێگادا دێتەسەر زەوی بەتایبەت لەباباگوڕگوڕداو ئەستونی ئاگری گڕگرتوی لێوە دەرئەچێ بە بەردەوامی، هەرکە بەر هەوابکەوێ بۆخۆی گڕئەگرێ، خۆڵی ئەم ناوچەیە ئاوێتەیەو نەوتەکەشی غازی لەگەڵدایە، لە کبریتوهایدرۆکبریت، بەلادانی خۆڵەکە ئەو هایدرۆکبریتە گڕئەگرێت.

٢. ئەوهێڵەی لەگەییارەی باشوری موسڵەوە دەست پێدەکات بەژێری ڕوباری دیجلەدا تێدەپەڕێ بەرەو باشوری ڕۆژهەڵات تاکو دەگاتە کفری لەحەمریندا کۆتایی پێدێت لەقوڵی باشوری ڕۆژئاواوە....لەچیاکەی نزیك بەدووز نەوتی ڕەش هەیە، لەبیرێکەوە

---

[1] سەرچاوەی پێشوو ل٤٩-٥٠

سەربەخۆ هەڵدەقوڵێ و دێتە سەرەوە، ئەڕژێتە ئەو حەوزەگەورەیەی تەنیشتی کە بۆ ئەو مەبەستە دروستکراوە لەپاش سەرکەوتنی نەوتەکە بەسەرئاوەکەدا بەقاپ ومەنجەڵ جیائەکرێتەوە[1]

ئەم نەوتە لەنزیکی دێی پەڵکانەیە خەڵکی ناوچەکە پێی ئەڵێن (نەوتەکەی پەڵکانە)لەپێشاندا نەوتی رەش بۆ گەرمکردنی تەنورو گەرماو بەکار ئەهێنرا لەدێکانی داودەوە دانیشتوان نەوتیان لێدەبرد. بیرەنەوتێکی گەورەی داپۆشراو هەیە نزیك بەدێی شێخ هەوازی لە ڕۆژهەڵاتی دووزدا سەربە ناحییەی نەوجول، جگە لەبیرە نەوتەکانی نزیك دێی کۆڕومۆری سەربەناحییەی قادرکەرەم.

بەردی سپی(قایە)

زنجیرە چیاکەی خورماتوو لەزۆر لایەوە لەبەردی سپی پێك دێت کە قایەی پێئەوترێ بەتوێکڵێکی خۆڵی ڕوپۆش داپۆشراوە، کانێکی سەرەکییە بۆ دیوار هەڵگرتن لەبیناسازیدا بە بەکارهێنانی بۆمب هەڵئەکەنرێ و هەڵئەوەشێتەوە گەورەکانیشی بەچەکوشی گەورە لەتئەکرێت بە قەبارەیەك هەڵبگیرێ و بنیادی پێبکرێت. هەر لەو جێگەیەدا کورەی بۆ ئامادەکراوە بەشێکی ئەکرێتە گەچ دیسان سەید محەمەد لەبارەی دووزخورماتووەوە ئەڵێ:[1]

(لەکفرییەوە بۆ دووزخورماتوو حەوت فەرسەنگە، لەڕێگادا چەمی قوڕی چای هەیە ڕوبارێکی وشکە، لەبەهاراندا نەبێت لافاوی پێدا

---

[1] سەید محەمەد سەید ئەحمەد حەسەنی(المنشئ البغدادي)لە (رحلە المنشئ البغدادي) سالی ١٨٢٢ بەزمانی فارسی، عەباس عەزاوی لەساڵی ١٩٤٨داکردویەتی بەعەرەبی لا ٥٤-٥٥

[1] سەید محەمەد کوڕی سەید ئەحمەد(رحلة المنشئ البغدادي) لا ٥٤-٥٥.

دێـت و، پەڕینـەوەی زەحمـەت ئـەبێ، نزیکـەی دووهـەزار مـاڵن بـە تورکی وعەرەبی وکوردی قسە ئەکەن، هەندێکیان شیعەن و هەندێکیان سوننەن، بـەنزیکی دووزدا ڕوبـارێکی گـەورە تێدەپـەڕێ ئەویشـە ئاوەسـپییە لەبەهارانـدا ئاوەکـەی زیـاد ئـەکات). ڕیچـیش هـەر بەئاوەسپی ناوی دەبات و ئەڵێ:[٢]

(...لـەپێش گەیشتنمان بەچارەکە سـەعاتێك، لـە ئاوەڕۆیـەکی پـان پەڕینەوە، ئاوەکەی ئەگەیشتە ئەژنۆ، پانییەکەی چەند یاردەیـەك بوو، لـەوەرزی پـایزدا ئاوەکـەی کـەم ئەبێتـەوە ئەویشـە ئاوەسـپییە بـەهۆی بارانـەوە ئاوەکـەی زیـادی کردبـوو، سەرچـاوەکەی(ئیـبراهیم خانچی)یە..) خورماتوو گەورەترین شارە ئەکەوێتە سەر ئاوەسپی. بۆیـە هـەردووکیان بونەتـە دوو نـاوی بەیـەك بەستراوە، ئاوەسـپی ئاوەڕۆکـەی بـەلاڕێ و نیمچەسـاختدا تێدەپـەڕێت بۆیـە ڕوبـارێکی نەناسـراوە، تـەنها بـەخورماتووەوە نـەبێت، کـە بەچـەمی ژێـر پـردی سەرڕێگای بەغداد-کەرکوك نزیك بەخورماتوودا تێدەپەڕێ.

ئاوەسپی ڕوبارێکی خۆبـەخش و گـەلێك بەسـودە بـۆ خواردنـەوەی مرۆڤ و مەڕومالاَت، چەمی ئـەم ڕوبارە پێـی ئـەوترێ (خـڕی ئاوەسـپی) چونکە. زەمینەی بە بەردوچەو داپۆشراوە بە سروشتی خـۆی گـەلێك کارگـەی چـەوو لمـی لەسـەر دانـراوە لەبیناسـازی و قیرتـاوکردنی ڕێگاوباندا بەکار دێت.

---

[٢] کلودیۆسـن جـیمس ریـچ-(رحلـة ریـچ في العـراق) سـاڵی ١٨٢٠، خێزانەکـەی لەسـاڵی ١٨٣٦دا لـەپاش خـۆی بەچاپی گەیانـدوە. (بهـاء الـدین نـوری) لەسـاڵی ١٩٥١دا کردویـەتی بەعەرەبیلا١٦-١٩.

خــەڵكی داوودە لەهاویـنــدا بۆیســـانی ســەیر ئەكــەن لــەخڕی ئاوەســپیدا، هەردێیــەك ســنوری دیــاریكراوی خــۆی هەیــە بــۆ ئــەم مەبەستە، لـە سـنوری هەردێیەكیشدا ئـەو خـڕە بەسـەر خێزانەكانـدا دابــەش ئــەكرێت، بەهـــەردو دیــوی ئاوەكــەدا چــاڵ ئــەكرێت پێــی ئەڵێن(چاڵی بۆیسان)بەشێوەی ئەندازیارانە،چاڵی لۆبـێ خڕی بازنـەیی دروســت ئــەكرێت بەناوەنــدی دوری ۳۰ســم، چــاڵی شــوتیش كــە داوودییـــەكان(شـــامی)پـــێ ئــەڵێن لاكێشـــە ئـــەكرێت بـــەدوری ۱۰۰سم×٥۰سم، ئەوچالانە بەپـەین پڕئەكرێنـەوە هـەردەم تـەڕدەبێت تــوێی بەروبومەكــەی تێـدا ئەچـێنرێ. پارەمـای بەچـوارلادا پــەلوپۆ ئەهاوێژێ. لـەدیاردە ناخۆشـەكانی ئـەم جۆرە زەرعاتـە ئەوەیـە لافـاوی بارانی ناوەخت هەموی لەبن دەرئەكات و ڕایئەماڵێت.

لــەپاش ئــەوەی ئــەو بەردانــە ئەخرێنـــە كورەیەكــەوە بــەگوێرەی پێویست بۆ ماوەیەك ئاگری بۆ ئەكرێتەوە تاكو ئەو بەردانە یـەكگرتن و پتـەوییان لاوازئەبێتـەوەو ئەخرێنـە نـاو ئـامێری هاڕینـەوە كـە لەسـەر ئۆتۆمـۆبێلی تایبـەت بـۆ ئـەم كـارە ئامـادە ئـەكرێ. لەبـەر هـەرزانی ئـەم دووبەرهەمـــە بـــۆ خـــەڵكی شـــاری خورمـــاتوو بـــەحوكمی نزیكـــی و خۆماڵییەوە، زۆربەی خانو بەرەكان لە قایەی سپی دروست ئەكرێن.

لــەزنجیرە شــاخەكەی باشــوری شــارەكەش بــەردی ســور(ڕەنگــی خۆڵەمێش) هەیە دیسان بۆ دیـواركردن بـەكاردێت بەتایبـەتی لـە بناغـە (بـن تەمـەڵ)ی دیـواردا. چـیمەنتۆش لـەو بـەردە دروسـت ئـەكرێت بـۆ كارگــەی چــیمەنتۆی كــەركوك ئەگوێزرێتـــەوە، ئـــەو بەردانـــە پێـــی ئەوترێ(كلس).

لەبەر ئەوەی بەردە سپییەکان شێوەی ئەندازەیی نین بەچوارگۆشەو لاکێشە، بۆیە بیناساز بەدوو دیواری بەرامبەر یەك هەڵینەچەپێنیو ناوەڕاستەکەشی بەگەچاو پڕئەکرێتەوە.

خوێ:

بەرامبەر بەڕێژەی ساکاریی ئەم بەرهەمە، بەخۆراکێکی زۆر پێویست دائەنرێ بۆ مرۆڤ، چونکە ڤیتامینی Dتێدایە، جگە لەوەی هەڵگری یەکێکە لەتامەکان. داهاتێکی باشی خورماتووەو جیاکارییەکی تایبەتی هەیە. ئەویشە کریستاڵێکی سپیو خاوێنە، سوێرێکە تاڵی لەگەڵدا نییە، بەپێچەوانەی خوێی باشورەوەیە. یەکێ لەگەڕیدە بیانییەکان نزیکەی ٢٠٠ساڵ پێش ئێستا باسی خوێی خورماتووی کردوە ئەڵێ:[١]

(...جێگایەکی تر هەیە ئاوی سوێرە ئەو ئاوە لەبیر ئەکێشرێتە سەرەوەو ئەخرێتە گۆلەوە لەپاش سێ ڕۆژ ئەبێ بەخوێ. خەڵکی خورماتوو بەوشێوەیە کارئەکەن لەبەرهەمهێنانی نەوتو خوێدا. لەشاخەکەدا خۆڵێکی سپی هەیە لەچەشنی گەچ دایە، ئەخرێتە ئاوەوە تاکو بەباشی ئەخوسێ ئەبێتە(لیمەندۆزی)ترشێکی زمان بڕە، ئەکرێتە چێشتەوە) بەرامبەر ئەم چیایە چیایەکی تر هەیە گۆگردی لێیە خەڵکی خورماتوو پێی ئەڵێن (گۆگردی زێڕین)

لمو چەو:

خڕوچەمی ئاوەسپی بەدرێژایی ڕێڕەوی لەچاوگەوە بۆ ڕێژگە لەڕویەکی ئەستور لمو چەو پێك دێت، خەڵکی گەرمیان پێی

---

[١] سەرچاوەی پێشوو.

نەڵێن(قوموزیخ) سامانێکی سروشتی یەکجار بەربڵاوە لە بیناسازیوقیرتاوکردنی ڕێگاوباندا بەکار ئەهێنرێ، چەندکارگەیەکی ششتنو وردکردنی لەسەر دامەزراوە.

ئاسەوارەکانی خورماتوو

هیچ شارێکی کۆن نییە یەکەم خشتی بنیادنانی زانرابێ لەمێژوویەکی دەستنیشانکراودا بەتەواویو یەکە یەکە ڕوداوەکانی وەکو زنجیرەیەك بخرێتە پاڵی یەکتر، چونکە چەرخی وا بووە نوسینی مێژووی تێداپشت گوێخراوە، هەموو ئەوکارەساتو شەڕوشۆڕانەش بەسەر کۆمەڵانی پێش ئێمەدا هاتووە، بۆتە هۆی فەوتانی سەرچاوەو تەنانەت سڕینەوەی گەلێك ئاسەواری زیندو لەسەر واقعی ئەم زەمینە. بەهەرحاڵ ئەو ئاسەوارانەی ماون بەڵگەن لەسەر بیناسازیو شارستانێتی کۆمەڵانی لەناوچوی پێش ئێمە، سەرچاوە مێژوییەکانی بەردەستیشمان زمانی شاهدو سەلمێنەرن بۆ ئەوان.

بەبیرەوەری تەمەنی چل ساڵەی خۆم گەلێ ئاسەوارم لە دەوروبەری شارەکەماندا ئەبینی لەم ماوە کورتەدا بەگوێرەی مێژووی دوورودرێژ سڕانەوەو شوێنەواریشیان نەماوە. لەبەراوردکردنی لاپەڕە مێژوییەکاندا وام بۆ دەرئەکەوێ مێژووی شاری خورماتوو لەگەڵ مێژووی شاری کەرکوکدا هاوچەرخو هاوتەمەن بون.

دکتۆر کەمال مەزهەر مێژووی کەرکوك ئەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی لولوبییەکان یان خورییەکان، ئەو دووگەلەی کەوا ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە لە پێکهاتەکانی گەلی کوردی ئەمڕۆ.[1] ئەوان دووگەلی ناسراون

---

[1] دکتۆر کەمال مەزهەر(کرکوك وتوابعها..)–لا ٥

لەکوردستاندا نیشتەجێ بون و پەیوەندی شارستانێتی و زمانەوانی بەهێزیان بووە، ئەو سەردەمە ئەگەڕێتەوە بۆ سێ هەزارساڵی پێش زایینی. ئەو خوریانەی کە حوکمڕانی ولاتی ئاشوریان کردووە بۆ ماوەی سەدەیەك لەزەمانە ئەوان بنیادی کەرکوك و شارەکانی سەربەکەرکوکیان ناوە گرنگترینیان(توزخورماتووە)[1] لەگەشتەکەی گەڕیدە سەید محەمەدی کوڕی سەید ئەحمەدی حەسەنی ناسراوبە(المنشيء البغدادي)لە کتێبەکەیدا(رحلة المنشيء البغدادي)کە خوالێخۆشبوو پارێزەر (عەباس عەزاوی) گۆڕیویەتییە سەرزمانی عەرەبی و لەساڵی١٩٤٨دا گەیاندویەتییە چاپ بەم شێوەیە وەسفی خورماتووی کردووە لە پێش ١٨٢ سال لەمەوبەرو ئەڵێ:

(لەکفرییەوە بۆ توزخورماتوو حەوت فەرسەنگە، لە ڕێگادا چەمی قوڕی چای هەیە کە ڕوبارێکی وشکە، تەنها لە بەهاراندا نەبێت لافاوی پێدادێت و پەڕینەوەی زەحمەت ئەبێ نزیکەی دووهەزار ماڵن بەتورکی و کوردی و عەرەبی ئەدوێن، هەندێکیان شیعەن و هەندێکیان سوننە، ماینەکانیان باشن لای عەرەب ناودارن، لەنزیکی دووزەوە ڕوبارێکی گەورە تێدەپەڕێ کە ئاوەسپیە لەبەهاراندا ئاوەکەی زۆر ئەبێ.......بەرامبەر ئەم چیایە چیایەکی تر هەیە گۆگردی لێیە خەڵکی دووز پێی ئەڵێن گۆگردی زێڕین، لە سەرەوەیدا قەڵایەك دروستکراوە لەبەردی سپی و گەچ چوار دەرگای هەیە، لایەکی ڕوخاوە، سێ لاکەی تری دیوارەکانی بەبەرزی ماونەتەوە، ڕێگای چونەسەرەوەی زۆر سەختە. بەماوەی دوری میلێك بەلای باکوردا خانوبەرەی ڕوخاو هەیە، یەکێکیان کۆشکێکی گەورەی چوارگۆشەیە،

---

[1] سەرچاوەی پێشوو-لا٧.

چوار دەرگای پێوەیە ئەکەوێتەلای ڕۆژھەڵاتەوە، لەسەرگردێکی نزیك کۆشکێك بنیادنراوەو ھەرەسی ھێناوە، لەجێگایەکی تردا چوار مەنارە بەرامبەر بەیەکتر بنیادنراون. لەدووزدا ترێ وجۆرەکانی میوە بەزۆری ھەیە، کەمێکیش خورمای ھەیە، شەرابی ھەیە، ھەمووخەڵکی لادێکان شەراب ئەخۆنەوە، گۆرانی بێژو لێدەری ئامێری عودیان ھەیە، زمانیان کوردی و تورکییە عەقیدەیان(عەلەللاییە) ڕێز لەغەریب ئەگرن و میوان بەخۆوە ئەگرن، ئافرەتیان بەجوانی ناسراون نزیکەی ھەزار ماڵ ئەبن شوێنی تاتاریان ھەیە).

ئەوشوێنەوارانەی کە(منشیء البغدادی) لەپێش ١٨٢ ساڵ لەمەوبەر وەسفی کردووە، لەشوێنی ئێستای دووزدا نەبووە بەڵکو دووسێ کیلۆمەتر بەلای ڕۆژھەڵاتدابووە کەزنجیرە شاخەکەی خورماتووە، کەوابێ بناغەی ئەم شارە لەسەر شاخەکەو قەدپاڵەکانیدا بون، دووبەڵگەی تریشم ھەیە لەسەر ئەو ڕاستیە.

یەکەمیان تاکو ئێستا بەلوتکەیەکی نزیکی چەمی ئاوەسپی ئەڵێن (قەڵا گاورینەکە)، ئەم قەڵاگاورینە ئەو کۆشکە چوارگۆشەیەیە کە(منشيء البغدادي) وەسفی کردووە، بەڵام ئەمڕۆ تەنھا بناغەکەی ئەبێت، ئیتر دیوارەکانی روخاون بەردە سپییەکانیشی بەو ناوەدان.

دووەمیان بەڵگە دەفتەری زانیاری قایمقامییەتی شارەکەیە لەساڵی ١٩٥١دا نوسراوە لەوکاتەوەدووز بۆتە قەزا بەکورتی باسی شارە کۆنەکەی خورماتوو ئەکا بەسەر ئەوشاخەوە. لەجێگاکانی تردا میللەتانی پێشوو قەڵایان دروست ئەکردو لەسەریدا نیشتەجێ ئەبون، بۆ خۆپاراستن لەھێرشی دوژمنان و ئاسانبونی بەرگریکردن لەخۆ.

کەچی شاخەکەی ئەم شارە باشترین قەڵایەو لەقەڵایش سەختترەو نزیك بەئاوی ئاوەسپی.

لەشوێنەوارەکانی تری خورماتوو مزگەوتی گەورەیە لەناوەندی شارەکەدا نزیکی بازاڕ، لەساڵی ١٨٨٧دا لەلایەن خاتوو حەسنە دایکی عەلی بەگەوە بنیاد نراوە لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا بووە. لەبەر تێپەڕبونی ١٠٠ساڵ بەسەر بنیادنانیدا دایەرەی ئاسەوار دەستی بەسەریدا گرتوەو لەسەر میلاکی ئەوقاف دەرکرا، دەرگای کراوەیەو نوێژی تێدا ئەکرێ.

کورتەمێژوویەکی ئیداری خورماتوو

هەروەکو لەپێشاندا وتمان (خورماتوو) لەلایەنی خورییەکانەوە بنیادنراوە، تائەمڕۆش ناوی ئەوانی هەڵگرتووە هەرچەندە شوێنی شارەکە گۆڕاوە[1]، بۆچونی راست ئەوەیە کە ئەکەدییەکان بەشار وتویانە (ماتو) هەر بەزمانی ئەوان (خورماتوو)واتا(شاری خور). لەم بەراوردکردنە مێژووییەدا ئەوەمان لا ڕاست دەبێتەوە کە هەر لەبنیادنانیەوە شاری پێوتراوە، ئەبی لەئاستی پارێزگای ئەمڕۆدا بێت نەگەر پایتەخت نەبوبێت. ئەم شارە لەنێوان هەردوو زنجیرە بەرزاییەکەی خورماتوودا بنیادنرابوو، هەروەکو وتمان تائێستاش هەندێك لەئاسەوارەکەی ماوە، ئەو جێگایە لەشارە دێرینەکانی دەوروبەری خورماتوو سەخت تربووە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ کەرکوك و کفریدا، لەمێژووی کۆنیشدا هەردەم جێگای سەخت کراوە بەمەڵبەندی بەرزو جێگای دەسەڵاتداران لەسەردەمی مەدحەت پاشادا عێراقی کردۆتە دوو ویلایەت.

بەغدادو موسڵ[2]. ویلایەتی موسڵ هەموو کوردستانی عیراقی گرتۆتەوە تەنها خانەقین نەبێت. ویلایەتی موسڵ لەوڕۆژەدا سێ لیوا

---

[1] مێژووی شارەکە لەدەفتەرێکی گەورەدا نوسراوە لەقایمقامییەتی خورماتوو تێیدا هاتووە: (کۆمەڵگایەکی کۆن هەبووە لەجێگای (قەڵا گاوریێنی) ئەمڕۆدا کە ئەکەوێتە نزیك تەنکی ناوی شارەکەوە لەشاخەکەدا، ئەو کۆمەڵگایە لەلایەنی ئاشورییەکانەوە دۆزراوەتەوە بەدۆزینەوەی (بەردێکی نەخشکراو) بەزمانی بابلی و دەستنووسی مزماری ناوی شارەکە بە(خریتشۆ) ناوبراوە لەسەردەمی پاشای بابلی حامورابیدا بووە. (خریتشۆ) بەعەرەبی واتە (المدینة المحصنة)

[2] د کەمال مەزهەر(کرکوك وتوابعها حکم التأریخ والضمیر)لا ٣٩.

درابــووه پــاڵی: مەڵبەنــدی موســڵ، کــەرکوك، ســلێمانی. لیــوای کەرکوکیش پێکهاتبوو لەقەزاکانی: کەرکوك، کفری.

قەزای کەرکوکیش لەم ناحیانە پێکهاتبوو:-مەلحە، ئاڵتون کۆپری، شوان، قەرەحەسەن، گل. کەواتە ناوچەی گل لەوکاتەدا ناحیە بووە کە ئێستا ناوچەیەکە سەر بەخورماتوو.

بەڵام قەزای کفری پێکهاتبوو لەناحییەکانی:-خورماتوو، زەنگەنە، قەرەتەپە.

ئـەمڕۆ شـارەکانی خورمـاتوو و قەرەتەپـە ناسـراون بـەڵام زەنگەنـە وەکو شار ناناسرێت، تەنها ناوچەی عەشیرەتی زەنگەنە نەبێ کە سـەر بەخورماتووە. لەسەرچاوەیەکی مێژووی گلدا هاتووە:[1]

(بنار گل بوو بەناحییەو دوایش بەقەزا، هەر کە ئوردوی داگیرکەری ئینگلیز گەیشتە هەرێمەکەو جێپێی خۆی تۆکمەو ڕەختکرد، هـەرێمی گـل نـاونرا(ناحیـیـە)و شـێخ حەمیـدی تاڵـەبانی بەبەڕێوەبـەری ناحییـە دانـراو دایەرەکـەی برایـە(چـەم سـور خـاو)، لێرەدا بەفەرمانـدەی سـەید محەمــەدی جــەباری، مەرکــەزی ناحییەکــە داگـیر کـراو سـوتێنرا بۆیــە گوازرایــەوە(قــادر کــەرەم)و گــل کــرا بەقــەزا، مەرکــەزی قــەزای (گــل) سەردەمێ برایە لەیلانو سەردەمێ لەتاوغ پاشان برایە خورماتوو).

قـەزای گـل لـە(یاسـای زمانـەکانی نـاوخۆ)دا نـاوبراوە کەلەلایـەنی مەلیك فەیسەڵەوە لەساڵی ١٩٣١دا بڕیار دراوە[2].

لەماددەی پێنجەمی ئەو یاسایەدا هاتووە:

---

[1] ئەحمەد شێخ لەنگەری (ئاوڕێك لەچەند لایەنێکی مێژووی هۆزی گل) ساڵی ١٩٩٩. ل٢١٧

[2] گۆڤاری کەرکوك-ژمارەی ١٤-ل٢٠٦-٢٠٧

(مۆڵـەت ئـەدرێ بـەوەی کەنوسـراوەکانی نێـوان لیـواو وەزارەت، وەلەنێوان مەڵبەندی لیوای موسڵو قەزا عەرەبییەکاندا زمانی رەسمی کوردی بێت: لیـوای موسـڵ:عیمادییـە، عـەقرە، دهـۆك، زاخـۆ، زێبـار. لیـوای هــەولێر: هــەولێر، مــەخمور، کۆیســنجەق. لیـوای کــەرکوك: چەمچەماڵ، گل. لیوای سلێمانی: هەڵەبجە، شارباژێر.ئەشێت کوردی یان تورکی بەکاربهێنرێت لەهەردوو قەزای کەرکوكو کفریدا).

خورماتوو و داووده ناحییە بونە سەربەقەزای کفری سـەربە لیـوای کــەرکوك لــەکاتی ویلایــەتی شــارەزوردا لەســاڵانی ١٨٧٧-١٩٠٨. لەوکاتــەدا قــەزای کفـری ســێ ناحییــەی هــەبووە خورمــاتوو، داووده، قەرەتەپە.[1]

ئەمڕۆ قەرەتەپە ناحییەیەکە سەر بەقـەزای کفری‌و خورمـاتوو ئـەم قەزایە سەربە پارێزگای تکریت‌و داووده ناوچەی عەشیرەتی داوودەیـە وەکـو شـارێك ناناسـرێت. بـەڵام بـەلای منــەوە مەڵبەنـدی ناحییــەی (داووده) دێـی ئەلبوسـەباح بـووە چـونکە ئاغاکـانی داووده دەورێکـی باڵایــان هــەبووە لــە بــواری عەســکەری‌و سیاســی ناوچــەکەداو نیشـەتەجێی دێـی ئەلبوسـەباح بـون وەکـو دارا بـەگی داوودی ئەنـدامی پەرلـەمانی سـەردەمی مەلـەکی بـووە. نـامق عـەلی ئاغـای داوودیـش سەرکردەیەکی جەربـەزەبووە لەشـەڕی شـوعەیبەدا شـەهید بـووە دژ بـە داگیرکەری ئینگلیزو لەوێش نێژراوە.

لەساڵی ١٩٢٢دا خورماتوو سەرلەنوێ کراوە بەناحییە سەربەقەزای کفـری لەپاشانیشــدا ســەربەقەزای داقــوق ســەربەپارێزگای کــەرکوك، دیارە لەوەوپێش داگیرابوو.

---

[1] گۆڤاری کەرکوك-ژمارەی ١٤-لا١٠.

لەساڵی ١٩٥١دا کرابەقەزا سەربە پارێزگای کەرکوک، تاوغیش قەزابوو کرابە ناحییەو خرایە سەر قەزای خورماتوو، کەچی لەپێشاندا قەزابوو سەر بەکەرکوک.

بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە ٤٣٩لە ١٩٦٩/٤/٣دا (ئامرلی)کرا بەناحییە سەربە قەزای خورماتوو. بەپێی مەرسومی کۆماری٤٤٠لە١٩٦٩/٤/٥دا سلێمان بەگ کرا بە ناحیە سەر بە قەزایخورماتووبە پێی مەرسومی ٤٦٠ لە ١٩٧٤/١/٢٥دا دێی (نەوجول) کرابە ناحییە سەربە قەزای خورماتوو کە لەپێشاندا گوندێکی سەربەناحییەی سلێمان بەگ بوو٣٦ دێی خرایەسەر.

بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە ٤١ لە ١٩٧٦/١/٢٩دا خورماتوو لەگەڵ هەرچوار ناحییەکەی (قادرکەرەم، نەوجول، ئامرلی، سلێمان بەگ) لەکەرکوك دابڕاو خرایە سەر پارێزگای صلاح الدین (تکریت) لە پرۆسەیەکی ڕەگەزپەرستێتی بەعەرەبکردنی کەرکوکدا، تەنها ناحییەی داقوق (تاوغ) لەسەر کەرکوك مایەوەو لەپاش ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١دا کرا بەقەزا.

لەساڵی ١٩٨٦دا ناحییەی نەوجول وێرانکرا لەلایەنی حکومەتی بەعسەوە، بەپێی مەرسومی کۆماری ٣٦٦لە ساڵی ١٩٨٩دا کرا بە دێیەکی سەر بەناحییەی سلێمان بەگ لەپاش سەربەخۆیی کوردستان لەساڵی ١٩٩١دا مەڵبەندی هەردوو ناحییەی(نەوجول)و(قادرکەرەم) لەژێر گوشاری سوپای سەدامدا مانەوە تاکو پرۆسەی ئازادی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا. لەساڵی ١٩٩٧دا هەرێمی کوردستان ناحییەی نەوجولیان زیندوکردەوە لە گوندی زنانەی سەربە نەوجول کە لەژێر

دسەلاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بوو بەناوی (ناحیەی نەوجول لەزنانە)و ٤٠گوندی لەسەرە

بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە ٣٦٨ لە ١٩٨٧/٦/٣دا ناحیەی قادر کەرەم خرایە سەر قەزای چەمچەماڵ سەر بەپارێزگای سلێمانی.

بەپێی‌مەرسومی کۆماری ژمارە ٥٠٨ لە ١٩٨٧/٨/٣دا ناحیەی قادرکەرەم هەڵگیراو لەرۆژنامەی (الوقائع العراقیە)دا ژمارە ٣١٦٤ لە ١٩٨٧/٨/٢٤دا بلأوکرایەوە. ئێستاش واچاوەڕوان ئەکرێ لەپاش بنیادنانەوەی نەوجول ناحیەکە لەزنانەوە بگوێزرێتەوە نەوجول‌و ناحیەی قادرکەرەمیش نوێ بکرێتەوەو خورماتووش بگەڕێتەوە سەرکەرکوك.

حەز ئەکەم لێرەدا ناوی پارێزگارە کوردەکانی کەرکوك لەم خشتەیەی خوارەوەدا ئاشکرا بکەم لەسەردەمی مەلەکییەوە تاکو پرۆسەی ئازادی عیراق[1]، دواجاریش لیستی قایمقامەکانی خورماتوو دابگرم لەساڵی ١٩٥١-٢٠٠٤

---

[1] فەتاح پاشا لەسەرچاوەکاندا بەکورد ناسراوە بەڵام لە (کرکوك وتوابعها) دانانی (د.کمال مظهر احمد) ل ١٢٢ هاتووە: تورکمانە کورد ڕێزی لێنەگرێ.

ژ	ناوی پارێزگا کوردەکان	ساڵ
١	فەتاح پاشا	١٩٢٢-١٩٢٤
٢	تەحسین عەسکەری	١٩٣٠-١٩٣١
٣	سەعد قەزاز	١٩٤٨-١٩٤٩
٤	شێخ مستەفا قەرەداغی	١٩٥٠-١٩٥٢
٥	رەشید نەجیب	١٩٥٢-١٩٥٣
٦	پارێزەر عەبدولڕەحمان مستەفا	٢٠٠٣-

لیستی قایمقامەکانی قەزای خورماتوو

ژ	قایمقامەکانی قەزای خورماتوو	ساڵ
١	عەبدلرەحمان نەقیب	١٩٥١/١/٨-١٩٥٢/١٢/٢٧
٢	ماجد ئالووسی	١٩٥٣/١/٣-١٩٥٥/١/١٣
٣	بورهانەدین جاف	١٩٥٥/١/١٧-١٩٥٧/١/٨
٤	قادر ئاغا	١٩٥٧/١/١٢-١٩٥٨/١٢/٢٦
٥	سوبحی یەعقوبی	١٩٥٩/١/٢-١/٥-١٩٦١
٦	عەبدلئەمیر ساحبقران	١٩٦١/١/٨-١٩٦٢/١٢/٢
٧	عەباس علیوی	١٩٦٢/١٢/٥-١٩٦٤/٣/١٥
٨	محەمەد خەلیل	١٩٦٤/٣/٢٠-١٩٦٥/١٢/٣٠
٩	جەودەت عومەری	١٩٦٥/١٢/٣١-١٩٦٩/٧/٢٠

١٠	ڕەشید ئەگا حەسەن	١٩٧٠/١٠/٢٨-١٩٦٩/٧/٢٤
١١	شاكر شەكەرچي	١٩٧٢/١٢/١٥-١٩٦٩/٧/٢٤
١٢	كازم وەلی	١٩٧٤/١١/١٤-١٩٧٢/١٢/١٦
١٣	فایق عەزیز	١٩٧٦/١١/٢٦-١٩٧٤/١١/١٧
١٤	شاكر قتمیر	١٩٧٧/١١/٢٩-١٩٧٦/١١/٣٠
١٥	سەلاح یونس ساڵح	١٩٧٨/١١/٢٨-١٩٧٧/١١/٣٠
١٦	مەعاد ئیسماعیل حەقي	١٩٧٩/١٢/٢٥-١٩٧٨/١٢/١
١٧	سەعدی ڕەشید ساڵح	١٩٨٠/٧/٦-١٩٧٩/١٢/٢٦
١٨	ئیبراهیم عەبدلڕەزاق حەدیثي	١٩٨٠/١٢/٣١-١٩٨٠/٧/١٠
١٩	ساحب حەمید عەباس	١٩٨٤/٦/٦-١٩٨١/١/١
٢٠	ڕەووف عەبدلكەریم بەرزنجي	١٩٨٦/٤/٥-١٩٨٤/٦/٦
٢١	عەبدلمەجید سەمین جاف	١٩٨٨/٩/١-١٩٨٦/٤/٧
٢٢	مەهدی سەرهید عەلی	١٩٩١/٤/٢٩-١٩٨٨/٩/٤
٢٣	ناجي خەزعەل عوبەیدی	١٩٩٣/١٢/٢١-١٩٩١/٤/٢٩
٢٤	عەمیدی ئەندازیار- سالم شەمس مەشهەداني	٢٠٠٠/٥/٣-١٩٩٤/١٢/٣٠
٢٥	عەمید روكن-حەمەد كوردی جبوری	٢٠٠١/٥/٢٣-٢٠٠٠/٥/٤
٢٦	سامي عەبدلهادی تمیمي	٢٠٠٣/٤/٩-٢٠٠١/٦/٣٠
٢٧	حەسەن محەمەد ئەحمەد	٢٠٠٣/٤/٣٠-٢٠٠٣/٤/١٢
٢٨	محەمەد ڕەشید محەمەد	-٢٠٠٣/٥/١

ئەوەی کە حکومەتی بەعس ویستی لەخورماتوودا بیکات لەکاری رەگەزپەرستێتی دژ بە نەتەوەی کورد زۆربەی بەئەنجام گەیاند، ناوی گەڕەکێکی خورماتووی بەکوردی نەهێشت، بەلام لەپاش پرۆسەی ئازادی ناوی گەڕەکەکان بەزمانی زۆرینەی هەرگەڕێك ناونران لەگەڵ موختارەکانیاندا. لە کۆی ٢٠ گەڕەك‌و ٢٠ موختار دەیان کرانە کوردی‌و دەکەی تر حەوتی تورکمانی‌و سێی عەرەبی بەم شێوەیە:

ژ	ناوی گەڕەك	ناوی موختار
١	صديق	صاحب برجس حسن
٢	تأفي	نزار جاسم زراو
٣	عدل	علي جاسم محمد
٤	إمام احمد	محمد احمد سمين
٥	آق صو	زين العابدين محمد
٦	اورطه	كمال مصطفي
٧	رزگاری	محمد ئەمین ڕەشید
٨	بنار	فەخرەدین محەمەد رەشید
٩	امام علي	زين العابدين شهاب
١٠	امام حسين	علي جلال
١١	مصطفي آغا	جاسم حسن علوش
١٢	ملا صفر	اكبر حميد
١٣	طيار	رەشید حەسەن سالح
١٤	رایەڕین	سەباح غەفور ئەحمەد

١٥	کۆماری	مەحمود کەریم پیرخدری
١٦	شۆڕش	محەمەد سەید کەریم
١٧	هەنجیرە	وەهاب سەید گەنجە
١٨	ئاوەسپی	حەویز عەلی
١٩	برایەتی	عەباس شەریف
٢٠	شەهیدان	محەمەد عەبدلرەحمان

ئەنجومەنی شارەوانیش دابەشکرا بەسەر لیستی هەر سێ نەتەوەکە بەم شێوەیە:

سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی/محمەد رەشید قایمقامی شار

دەستەی کورد/٦ئەندام

دەستەی عەرەب/ ٦ئەندام

دەستەی تورکمان/ ٦ئەندام

٢١٧

دفتر	رقم
شهر	[illegible]
دائرهٔ بلدیه	—

سند خاقانی

صره نومروسی
٤٤٦

لوا	شهرزور	قضا	كركوك	ناحیه	—	قریه	—	ملاحظات
میمنت مشهور	—	محله	اوره جی	زقاق		موقع	—	

جنسی	خانه	رقم ابواب
نوعی	ملك [illegible]	
حدودی	[illegible]	
مقداری	[illegible]	
مخصص	—	
صاحب اولی	—	
جهت اعطای سند	[illegible]	
متصرفی	[illegible] سید محمد [illegible]	
قیمتی	... [illegible]	
بدلی	—	

سبب تصدیر توقیع همایون اولدیکه
بلدهٔ محرر [illegible] خانه دفترخانهٔ خاقانیه [illegible] سید محمد [illegible]
[illegible]
ضبط و تصرف [illegible] [illegible] سنهٔ [illegible] ١٨٢ [illegible]

ئەم بەڵگەنامەیە تاپۆیە تە بە پێ خەرێتەکانی کەرکوک و [illegible]
[illegible] لیوای شارەزوور
[illegible]

خوورماتوو لەمێژوودا

کورتەیەکی مێژوویی هەڵئەبژێرم لە لاپەڕە دورو درێژەکانی مێژووری ناوچەی خورماتوو، بە ئامانەتەوە ئەیگوێزمەوە بۆ ناوەڕۆکی باسەکەم، بۆ ئەوەی بەسەرهاتو بەروارەکانی تێکەڵو پێکەڵ نەبن وام بەباشزانی لە چوار خاڵدا دەستنیشان بکەم:

١. لەبنیادنانییەوە تاکو سەرەتای حوکمی عوسمانی

گەلی لولویی ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سێهەزار ساڵ پێشی زایینی لەناوچەکانی شارەزوورو زەهاودا نیشتەجێ بوونە[1]. گەلی (خوری)ش بەهەمان شێوە لەکوردستاندا بوون ئەوان یەکەم بنیادنانی کەرکوكو دووزخورماتوویان ئەنجامداوە. خورییەکان حوکمڕانی ولاتی ئاشوریان کردووە، گومان لەوەدا نییە کە ئەوان خورماتوویان بنیاد نابێ. هەردوو کۆمەڵی لولوبیو خوری کاریگەرییەکی سەرەکییان هەیە لە پێکهاتنی گەلی کوردی ئەمڕۆ لە کوردستاندا. زمانو بێژەی گەلی کوردی ئەمڕۆ هاوبەشییەکی زەقی هەیە لەگەڵ زمانی ئەواندا. هەروەکو لەپێشاندا وتمان (خورماتوو) دووناوی لێکدراوە(خور)واتە خورییەکان(ماتو)واتە شار بەلای ئەکەدییەکانەوە، دیارە لەسەردەمی ئەکەدییەکانەوە پێی وتراوە (خورماتوو) بەمانای (شاری خور). بەهەمان شێوە زاراوەی یەکەمی لەزاراوە کۆنەکانی ئارییە.[2]

شوێنی بەردی بناغەی پەیدابونی شاری خورماتوو نەزانراوە بەتەواوی، بەڵام بەگوێرەی وەسفی گەشتەکەی سەید محەمەدی کوڕی

---

[1] دکتۆر کەمال مەزهەر (کرکوك وتوابعها...)لا٥.

[2] سەرچاوەی پێشو. لا٧.

سەید ئەحمەدی حەسەنی ناسراوبە (المشي‌ءالبغدادي) دەرئەکەوی بۆی ساغ بۆتەوە لە مێژووی گەشتەکەیەوە کە ١٨٢ سالی پێش ئێستابووە بەردی بناغەی خورماتوو لە سەر زنجیرە چیاکەی نزیك شارەکە بووە بەقۆلی چەپی دەربەندەکە کە چەمی ئاوەسپی ئەو زنجیرەیە ئەکاتە دووبەشەوە. تاکوئێستاش شوێنەواری هەندێکیان ماوە خەلکی شارەکە پێی ئەلێن(قەلاگاورین).

مێژووی گەلی کورد مێژوویەکی زیندوە لە سەردەمانی پێشی زاینییەوە ناسراوبون، باپیرانی کوردی کەرکوك مێژوویان سەقامگیرە لای مێژووناسان لەپێش چوار هەزار سالی بەر لە مەسیح گۆتییەکان حوکمرانی زۆربەی کوردستانیان کردووەو[1] پایتەختەکەشیان(ئارابخا)بووە عەرەفەی ئەمرۆ لەکەرکوکدا. لەپێشی گۆتییەکان ئەکەدییەکان حوکمرانی کوردستان بوون، گۆتییەکان توانیان لە سنوربەدەریان بکەن و کوردستان بخەنەوە ژێر رکێفی خۆیانەوە. مێژوونوسان رەگەزی کورد ئەبەنە سەر ئەو گۆتییانە وەکو: بروشیرو لەکتێبی(ئەرمینیا و کوردستاندا)و(ئەرشاك سافرستیان)لە کتێبی(کورد وکوردستاندا)و(ئەحمەد سووسە)لەکتێبی(حضارة وادي الرافدين)دا لەگەل نوسینەکانی گەریدەی ناسراو(مینۆرسکی)دا.[2]

یەکێ لەناوچەکانی هەرێمی ئەرەبخای کەرکوك کەوتبووە باشوری ولاتی سۆبارتۆوە کەزنجیرە چیاکەی حەمرین سنوری رۆژئاوای بووەو

---

[1] هاشم سەید ئەحمەد(مدينة كركوك في منتصف القرن العشرين) پاشکۆی بانە رۆژ ژمارە(١) سالی ٢٠٠٤.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ڕوباری سیروانیش سنوری باشوری بووە، وزێی خواروش سنوری باکوری بووە، بەلام چیا بەرزەکان سنوری ولاتی زامۆ بووە.[1]

کۆنترین کۆمەڵگایەکی مرۆڤ لەم ناوچەیەدا نیشتەجێ بوبن گۆتییەکانە،[2]کەچوار هەزار ساڵی پێش زایینیی بووە.

ئەم ناوچەیە کەوتە ژێر دەسەلاتی ئەکەدییەکان وەکو باسمانکرد لەپێش دووهەزاری پێش زاینیدا بوو، ئەکەدییەکان خانوبەرەیان لەچەشنی قەلا بنیاد دەنا لە باڵەك نزیکی ڕوباری خابوور لە دواییدا ناوی ئەو قەلایە گۆڕابە نوزیان نوزی لەدووهەزار ساڵی پێش زاییندا تاکو مەتانێکان زاڵ بوون بەسەریدا.[3] مەبەست لەو قەلایانە ئەوەبوو تاکو ئەکەدییەکان زاڵ بن بە سەر ڕێگای بازرگانی خەڵکی زاگرۆسداو جەردەیی و تالانیان ئەکرد لەسەردەمی(نرام سین)دا لولویەکان و گۆتییەکان هەوڵیاندایەوە ناوچەکە رزگار بکەن لەژێر دەستی ئەکەدییەکان بەلام نەیانتوانی، لەپاشاندا گۆتییەکان شالاویان بردە سەریان و لە ۲۲۱۱پ.ز گرتیانەوە و بۆ یەکجاری کۆتاییان بەبونی ئەکەدییەکان هێنا لەپاش کشانەوەی گۆتییەکان و لاوازبونیان هەندێ هەرێم نیمچە سەربەخۆییەکیان وەرگرت وەکو(کیماش-کفری)،(هەولێر)،(خارشە-تووزخورماتوو).[4]

لەنیوەی ساڵی دووهەزاریپ.ز ناوچەکە کەوتە ژێر دەسەلاتی میتانییەکانەوە، کفری و شارەکانی دەوروبەری کەوتنە ژێر

---

[1] د.جمال رشيد احمد(دراسات كرديه بلاد سوبارتو.ل۲۸)

[2] سەرچاوەی پێشوو. ل۲۰

[3] سهێل خورشید عەزیز(صفحات مین تاریخ منطقة کفری). ل۱۰

[4] سەرچاوەی پێشوو، هەروەها مستەفا نەریمان (شۆڕشی برایم خانی دەلۆ). ل۲۸

دەسەڵاتیانەوە.لە سەردەمی سەدەی حەوتەمی پ.ز ناوچەکە کەوتە ژێر دەسەڵاتی میدییەکانەوە لە پاش ئەوانیش ئەخمینییەکان دەسەڵاتی خۆیان سەپاند بە سەر ناوچەکەدا.ئەم ناوچەیە بووە بەرەی شەڕ لەنێوان ساسانییەکان‌و ڕۆمانییەکاندا لە ٣٦٣/٦/٦پ.ز سوپای ساسانی گەمارۆی سوپای ڕۆمانیاندا لە ناوچەی کفری‌و خورماتوودا.

شاری سەلمان پاك لەباشوری بەغداد پایتەختی ساسانییەکان بوو لەپێشهاتنی ئیسلامدا. ئەوانیش نەعەرەب بون‌و نەفارس بون، کوردە فەیلییەکانی ئەمڕۆ پاشماوەی ساسانییەکانن. لەپاش هاتنی ئیسلام‌و بڵاوکردنەوەی ئایینە پیرۆزەکەی موسڵمانان لە دوورگەی عەرەبییەوە شاڵاویان هێنایە سەر عێراق‌و دەوڵەتی ساسانییە کوردەکانیان گرت[1] لەپاشاندا کەرکوك‌و هەموو کوردستان بەئیسلام بونی خۆیانیان ڕاگەیاند کورد باوەشی ئاشتی بۆ ئایینی پاکی ئیسلام کردەوە

٢. خورماتوو لەسەردەمی عوسمانییەکاندا :

عوسمانییەکان نزیکەی چوار سەدە حوکمڕانی عیراق‌وکوردستانیان کرد، لەوماوە درێژەدا گەلێك میرنشینی کوردی دامەزرا لەسەر خاکی کوردستاندا شاری خورماتوو یەکێك بووە لەو میرنشینە کوردییانە.

لەپاش ئەوەی سەفەوییەکان دەستیانگرت بەسەرخاکی کوردستاندا، لەبەر ئەوەی گەلی کورد سوننەن ئازارێکی زۆر ئەدران

---

[1] هاشم سەید ئەحمەد(پاشکۆی گۆڤاری بانەڕۆژ). ژمارە١ساڵی ٢٠٠٤

لەلایەنی ئەو سەفەوییانەوە کە شیعەبون، بۆیە سەرکردەو میرەکانی کورد ناچاربون پەیمان ببەستن لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی سەلیمی یەکەم(یاوز)لە ساڵانی ١٥١٢-١٥٢٠ز لە ڕێگای مەلا ئیدریسی بەدلیسییەوە. ئەمەش خاڵەکانی پەیماننامەکەیە:[1]

١. هەموو ئەو میرنشینە کوردییانەی پەیماننامەکەیان مۆرکرد سەربەخۆ دەبن.

٢. حوکمی میرەکانی کورد بە وراسی ئەبێ لەباوکەوە بۆ کوڕ یان بەپێی یاسای ناوخۆی خۆیان.

٣. کوردەکان لە جەنگەکانی عوسمانیدا بەشداری ئەکەن.

٤. دەوڵەتی عوسمانی پاڵپشتی میرنشینە کوردییەکان ئەکات لەهەر دەست درێژییەکی دەرەکی

٥. ئەو میرنشینانە دیاری دینی ئەدەن بەگەنجینەی سوڵتان بەپێی دابونەریت.

لەشەڕی چاڵدێران ساڵی ١٥١٤ز عوسمانییەکان گەلێك وڵاتیان گرت لەوانە موسڵ بوو. لەساڵی ١٥٣٤ز دا سوڵتان سلێمان قانونی بەسوپایەك هێرشی کردە سەر بەغدادو گرتی[2] لەو ڕۆژەوە کوردستان بووە گۆڕەپانی شەڕوشۆڕ بەتایبەتی ڕێگاوبانەکانی موسڵ،کەرکوك،خورماتوو،کفری،لەنێوان عوسمانییەکان و ئێرانییەکاندا بەدرێژایی سەدەکانی ١٦، ١٧، ١٨.

شا عەباسی سەفەوی هێرشی هێنایە سەربەغدادو لەبەرواری ١٦٢٣/١١/٢٨زدا گرتی و تا ساڵی ١٦٣٨ لەژێر دەسەڵاتیاندا مایەوە.

---

[1] سهێل خورشید(صفحات من تاریخ الکفري)لا١٣.

[2] عەلی شاکر عەلی(تاریخ العراق فی العهد العثماني).لا٢٠

عوسمانییەکان شارەزووریان کردە خاڵی هەنگاونانی هێرش بۆسەر بەغداد. سوڵتان موورادی چوارەم لە ١٦٣٨/٥/٨دا لەشکرێکی کردەکێش خۆیشی جلوبەرگی عەرەبی لەبەرکرد بەشێوەی خەلیفە راشدییەکان لە١٦٣٨/١١/١٠زدا گەیشتە کەرکوك ئینجا تازە خورماتوو لەپاشاندا داقوق و ئینجا توزخورماتوو و کفری وتلیشان لە ١٦٣٨/١١/١٥زدا گەیشتە نزیك بەغداد، لەپاش گەمارۆدانی بۆماوەی چل رۆژ توانی داگیری بکات. سوڵتان بە سەرکەوتنی لەو هێرشەدا فەرمانی دابەشکردنی زەوی‌وزاری دەرکرد بەسەر بەیات و وەنداوییەکانی کفریدا بەرامبەر بە بەشداریکردنیان لەو لەشکرەدا.[1] وا دەرئەکەوێ لەوکاتەوە بەیاتییەکان لەکفری و خورماتوودا جێگیر بون لەپاش رێزلێنانیان لەلایەنی سوڵتان موورادی چوارەمەوە. ئەم سەرچاوە مێژووییە لە گەشتەکەی ریجدا[2] ئەسەلمێنرێ کە لەساڵی ١٨٢٠زدا نوسیویەتی:

(...گەیشتینە چەمی قوری چای ئاوی تێدا نەبوو تەنها کەمێك باراناو نەبێت، ئەوناوە تورکمانی بەیاتی لێبوو، سەرەك خێڵەکەیان کەناوی حەسەن بوو بە (قەرەقوش بێگ) ئەناسراو دەعوەتی کردین. ئەوەی پێراگەیاندم کەوا سوڵتان ئەو زەوی‌و زارانەی بەدیاری پێبەخشیون بەرامبەر ئەوەی سەربازی بکەن بۆ والی بەغداد ئەگەر خۆی فەرماندەی ئەو شەڕانەبێت، ئاگاداریشی کردمەوە کە(نادرشاە)

---

[1] مستەفا نەریمان(شۆڕشی برایم خانی دەلۆ)ل٥٢

[2] کلودیوسن جیمس ریج(رحلە ریج فی العراق) ساڵی ١٨٢٠ز خێزانەکەی لەساڵی ١٨٣٦ز لەپاش خۆی بەچاپی گەیاندوەو لەساڵی ١٩٥١ز بەهائەدین نوری کردویەتی بەکوردی. ل١٦-١٩.

..ەم ..وچاپ..ی داگیرخردو هەڵسا بەگێڕانەوەی بەیاتییەکان بۆ باوەشی ..عەشیرەتی بەیاتی گەورە لە خۆراساندا، ئەو بەیاتییانەش وا ..اونەتەوە لە خێزانی سەرۆکی عەشیرەتن..)

لەساڵی ١٧٢٣ز هێرشی ئێران دەستی پێکرد، هێزێك ڕووەو شارەزوورو یەکێکی تر ڕووەو موسڵ، بەڵام نادرشا گەیشتە دووزخورماتوو، بڕیاریدا تیپێکی سەربازی لەکفری‌و قەرەتەپەدابنێت، تیپێکیش ڕووەو کەرکوك‌و داگیریان کرد تیپێکی تر بەرەو داقوق کەوتەڕێ[1].

خۆیشی ڕوویکردە بەغداد بۆماوەی ٧ مانگ ئابڵوقەیدا. لەپاشاندا نادرشا گەڕایەوە بۆ ئێران‌و ناوچەکانی نێوان بەغداد- موسڵ کەوتنەوە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان.

نادرشا دیسان گەڕایەوە بە مەبەستی گرتنەوەی شارەزوورو کەرکوك لەپاش سێ مانگ بەرەو بەغداد ڕۆیشت‌و لە ١٧٣٤زدا ئابڵوقەیدا، بەڵام دیسان گەڕایەوە ئێران بۆ دامرکاندنەوەی یاخیبونەکەی شیراز.

لەساڵی(١٥٥٥)ز سوڵتان مورادی سێیەم میری موکرییەکانی ڕاسپاردبە ئیدارەی هەرێمەکانی موسڵ، شارەزوور، هەولێر. لەپاشاندا عوسمانییەکان هەستیانکرد ئەوشارانە گرنگییەکی هەستیاریان هەیە لەسەر ڕێگای بەغداد- ئەستەمبوڵ، بۆیە پرۆسەی لادانی دەسەڵاتە کوردییەکانی گرتەبەر، تاکو شەڕ لەنێوان عوسمانییەکان‌و بابانییەکاندا هەڵگیرسا لەسەدەکانی١٧، ١٨، ١٩.

---

[1] عەلی شاکر عەلی(تاریخ العراق في العهد العثماني)لا ١٨٤

لەساڵی ١٦٩٠ز بابا سلێمان کەرکوکی گرتو دۆلار پاشای حاکمی کەرکوکی کوشت تاکو ساڵی ١٧٠١ لەژێر دەسەلاتیاندا مایەوە. ئیسماعیل والی بەغداد دژی هەڵساو کەرکوکی گرت، بابا سلێمان پەنای بردە(باب العالی)کە سەنجەقی بابانی پێدا بەمەرجێ ببێتە تابعی پاشا لەکەرکوك ئەمیش لەبەغدادەوە هەڵدەسوڕێنرا. لەکاتی میرنشینی(بەکر بەگدا) لە ١٧٠٣ز بابان گەورەوبەرینکرایەوە لەنیوانی ڕوباری سیروانو زێی خواروی گرتەوە،خورماتووش شارۆچکەیەکی میرنشینی بابان بووە لەوکاتەدا. لەساڵی ١٧٤١زدا عوسمانییەکان توانیان کۆتایی بەحوکمی بەکر بەگ بێنن لەساڵی ١٨١٣زدا عەبدلڕەحمان پاشای میری بابان توانی هەولێر بگرێو بەرەو کەرکوك بکەوێتە ڕێ، لەبەر ئەوکارەی والی دەسەلاتەکەی لێسەندەوەو خالد پاشای کردە حاکمی بابان، والی عوسمانی بەرەو کوردستان بەڕێکەوت دژیە عەبدولڕەحمان پاشا لە باشوری خورماتوو نزیك بەکفری شەڕێکی قورس لەنێوانیاندا ڕویدا لەئەنجامدا عەبدلڕەحمان شکاو خالد بەگی برای کوژرا، عەبدلڕەحمان ڕویکردە ئێرانو ئەفسەرەکانی شکان.[1]

لەساڵی ١٨٧٩زدا دەوڵەتی عوسمانی بڕیاریدا لەسەر گواستنەوەی مەڵبەندی ویلایەتی شارەزوور لەکەرکوکەوە بۆ موسڵ، سێ سەنجەقی خرایە سەر: کەرکوك،هەولێر،موسڵ، بەڵام شارەزوور واتە ناوچەی سلێمانی نەخرایە سەر ویلایەتی موسڵ.

---

[1] محەمەدی خاڵ،(معروف النودهی). ل٢٥٧.

[illegible] ی قەزا لەکەرکوك دانیان کە دەکەونە باشووری [illegible] ەولیریان پێکهێنا. ئەو ویلایەتە بەو شێوەیە [illegible] هاتنی ئینگلیزەکان.

غير سكنة القضاء بل يسكنون خارجـــه وبموجب قوانين نافذة تسمح باستئجار مساحات كبيرة مما شكل ثغرة امنية وا[illegible] الى وجود اعداد غير قليلة من الفلاحين العرب [illegible] مصححي القومية الى العربية لم تتوفر لهم اراضي زراعية بسبب استغلالها من قبل المتعاقدين على مساحات كبيرة وقد خلق هذا الوضع فراغا امنيا لمناطق واسعة ذات تاثير مباشر على محافظة التاميم ، ولهذا السبب وتحقيقا للعدالة في التوزيع وتنفيذا لتوجيهات السيد الرئيس القائد حفظه الله ورعاه في تطبيق العدالة وليس غير العدالة في هذا المجال ولغرض تكثيف التواجد العربي فلي مجمعات سكنية كما هو حاصل في محاور محافظتي التاميم ونينوى فقد تم الاتفاق على التوصيات التالية :-

١-الغاء جميع العقود الزراعية المبرمة مع المواطنين غير الساكنين ضمن القضاء واعادة الاراضي الزراعية الى الجهات المعنية (وزارة [illegible] وزارة الاوقاف والشؤون الدينية ، الادارة المحلية في [illegible] صلاح الدين) حيث ظهر بأن كل هذه الاراضي مملوكه للدولة [illegible] فيها ملك صرف للمواطنين مما يسهل مهمة العمل.

٢-اعتماد مبدأ انشاء المجمعات السكنية في قضاء الطوز في مناطق امنيـــــة واقتصادية تحقق الغرض الامني في آن واحد وقد تم تحديد (٧) سبع مجمعات سكنية كمرحلة اولى ووفق التفصيل الاتي :-

٧-٢

قائمة بأسماء ومواقع المجمعات السكنية المقترح انشاؤها في المقاطعات التابعة لقضاء الطوز

رقم المقاطعة واسمها التي يقع فيها المجمع	مساحة المجمع بالدونم	عدد العوائل	وحدة التوزيع بالدونم	المساحة الممكن توزيعها على الفلاحين	المقاطعة التي توزع فيها المساحات الأخرى للمجمع	بعد المجمع عن مركز القضاء
٤٠/البو صباح الشرقية	١٠٠	١٠٠	٥٠	٥٠٠٠دونم مرويا	٣/البو صباح الغربية	٣ كم عن مركز القضاء و١٥٠ م عن الشارع العام طوز-التأميم
٣/ البو صباح الغربية	١٠٢	١٠٠	٥٠	٥٠٠٠دونم مروية	٣/البو صباح الغربية	٥كم ويبعد عن الشارع العام طوز- التأميم ٢٠٠م
٤٧/عضر ولي	٦٠	٦٠	[illegible]	٨٨٥٠دونم ديمية	٢/قلعة [illegible] ٤٠/البو صباح الشرقية ٤٧/عضر ولي ٦٠/٦٦/ صاري حم واغمشهد	٨كم يبعد عن مركز القضاء ٦٠٠ م عن الشارع العام طوز- التأميم
٤٧/عضر ولي	٦٠	٦٠	٥٠	٣٠٠٠ دونم مروية	٤٧ عضر ولي ٣ البو صباح الغربية	١٥كم يبعد عن مركز القضاء ١٥٠م عن الشارع العام طوز-التأميم
٢/ سكور	٤٠	٤٠	٥٠	٢٠٠٠ دونم مروية	٢/سكور و١/شوراو	١٥كم عن مركز القضاء ١٥٠م عن الشارع العام
١/ شوراو	٤٠	٦٠	٥٠مروية ١٢٠ديمية	١٤٠٠مروية ١٩٠٠ديمية	١/شوراو ١/شوراو	٢١كم عن مركز القضاء ١٥٠م عن [illegible]
١٥/لك ولوشلان	٥٠	٥٠	١٥٠	[illegible]٨دونم	٥٢ لك ولوشلان والتي تقع في المناطق المحظورة امنيا ولا تتواجد فيها قطعات عسكرية	٢٥كم عن مركز القضاء ١٥كم عن الشارع العام طوز- التأميم
المجموع الكلي ٧ مجمع سكني	٤٥٠ دونم	٤٥٠ عائلة	٥٠ مروية- ١٢٠ ديمية ١٥٠	١٦٤٠٠ دونم مروية ١٨٩٠٠ دونم ديمية	المجموع الكلي للمساحات المروية والديمية ٣٥٣٠٠٠	

وبطيه خارطة مؤشر عليهامواقع المجمعات السكنية المقترحة (ملحق رقم /١)
٣-يكون توزيع الاراضي الزراعية في القضاء على الفلاحين المحرومين من
العشائر العربية ويجري التعاقد وفق المساحات التالية:-
٥٠ دونم في الاراضي الزراعية المروية
١٢٠ دونم في الاراضي الزراعية الديمية
١٥٠ دونم في الاراضي الزراعية المحذورة امنيا
٤- تعتمد في توزيع الاراضي الزراعية ذات الاسس التي تعتمدها لجنة الشمال في توزيع الاراضي الزراعية وهي:-
أ- يكون التأجير كاسبقية اولى للعشائر العربية محسومة الولاء الساكنة في المنطقة وفق وحدة التوزيع المقررة مع مراعاة ان يكون التأجير لابناءالعشيرة الواحدة في منطقة واحدة
ب-اذا توفرت اراضي فائضة عن الحاجة يمكن للعشيرة المتعاقدة ترشيح عوائل من عشيرتهم ساكنة خارج المنطقة للتعاقد على هذه الاراضي او من عشيرة اخرى قريبة ممن ليس لديهم اراضي ولا توجد خلافات عشائرية بينهم .
ج-تعطى الاولوية في التأجير لمن تفسخ عقودهم من سكنة المنطقة بسبب تجاوزها وحدة التوزيع ولابنائهم واقاربهم وافراد عشيرتهم ممن تتوفر فيهم شروط التوزيع من العرب الساكنين في المنطقة .
د- تكون مساحات الاراضي التي يجري التعاقد عليها وفق هذه الصيغة لرئيس العشيرة او رئيس الفخذ حسب تقدير اللجنة وصولا الى الضعف مع ذكر المبررات لكل حالة.
هـ -يشترط فيمن يجري التعاقد معه السكن في المنطقة ونقل قيد نفوسه الى القضاء او الناحية وبعكسه يحرم من جني الحاصل .
و- يشترط فيمن يجري التعاقد معه ان يتخذ الزراعة مهنة له .

٤-٧

ز- عند ظهور متعاقد على اكثر من قطعة ارض زراعية يخير بالاحتفاظ بأي منهما .

ح- يلزم المتعاقد على ارض زراعية وفق الصيغة الجديدة بعدم تشغيل عناصر غير عربية ويتعهد بذلك عند التعاقد .

ط- تأخذ اللجنة بنظر الاعتبار ترك مساحات من الاراضي لاغراض السكن والخدمات كمبدأ لتشييد القرية .

ي- يكون التعاقد مع زوجة الشهيد التي ترعى ابنائها القاصرين .

د- شمول مصححي القومية الى العربية قبل هذا التاريخ ، وحسب توجيه السيد الرئيس القائد حفظه الله ورعاه من الفلاحين ومن ابناء المنطقة المعنية في القضاء ، في التوزيع بشرط السكن في المجمعات السكنية المذكورة وملاحظة توزيعهم على المجمعات وعدم تجميعهم ضمن مجمع سكني واحد بهدف تحقيق اندماجهم مع ساكنين اخرين .

٦- يمكن للمتعاقدين الحاليين من غير سكنة القضاء الذين يرغبون البقاء بالسكن بشكل مستمر في القضاء التعاقد معهم على ضعف [illegible] المساحة المقررة للفلاحين الاخرين بشرط قبولهم السكن فعلا في [illegible] السكنية المقترحة .

٧- يتم التعاقد على الاراضي الزراعية في عموم القضاء مع [illegible] النظر [illegible] واسلوب التعاقد المعتمد من قبل لجنة الشمال في محافظات التأميم ونينوى وعلى اساس التعاقد الفردي اي كل عقد مع فرد [illegible] واحد وبمسؤولية محافظ صلاح الدين.. وبطيه نموذج من العقد [illegible] الاعتماد عليه في التعاقد (مرفق رقم ٢)

٨- في حالة عدم تنفيذ الفلاح المتعاقد (المستفيد) لالتزاماته بموجب العقد المبرم معه خلال مدة اقصاها (٦) ستة اشهر يفسخ العقد معه ويصادر ما على الارض من مزروعات وغيرها دون ان يكون له الحق في المطالبة بأي تعويض ويجري التعاقد على الارض الزراعية مع محروم آخر حسب الاسس المعتمدة .

٥-/٠

٩-تشكل لجنة تتولى التنفيذ الميداني لتوزيع الاراضي الزراعية في قضاء الطوز برئاسة السيد محافظ صلاح الدين وعضوية :-

أ- الرفيق امين سر شعبة الانتصار في القضاء

ب- قائممقام القضاء

ج- مدير امن المحافظة

د- مسؤول المكتب الفلاحي في قيادة فرع القائد العظيم

هـ - مدير زراعة المحافظة

١٠-في حالة ظهور مساحات لاراضي زراعية غير متعاقد عليها تعمل اللجنة على توزيعها والتعاقد عليها وفق نفس الاسس اعلاه سواء باضافتها الى اقرب مجمع سكني من المجمعات السبع او اضافة مجمع جديد .

١١- تعتمد توجيهات السيد الرئيس القائد حفظه الله بشأن المحرومات المطبقة في محافظة التأميم على المحرمات والمواقع الاقتصادية والمعسكرات ان وجدت.

١٢- تقوم اللجنة التنفيذية من خلال رئيسها بالتنسيق مع السيد وزير الزراعة لتكليف فرق من المساحين والفنيين المعنيين لاجراء مسح للاراضي الزراعية في القضاء وتهيئتها لاغراض التعاقد بالسرعة الممكنة .

١٣- تضع اللجنة التنفيذية الاولوية في التوزيع ضمن المجمعات السكنية والظرف الامني والالتزامات الاخرى على ان ينجز ذلك قبل بداية الموسم الشتوي القادم .

١٤- شمول الفلاحين المحرومين الذين يتم التعاقد معهم في الموسم الزراعي الاول بالتسهيلات فيما يتعلق بالبذور وغيرها من المستلزمات الضرورية كما هو جار بالنسبة للمتعاقدين المحرومين في محافظة التأميم وخط مخمور وهي لا تشكل عبئا لانها لفترة زمنية محددة ووفق الامكانات المتاحة لدى وزارة الزراعة.

٦- ٧

١٥- بسبب طبيعة غالبية مستغلي الاراضي الزراعية الحاليين فأن الامر يتطلب وجود جهة تشرف على عمل اللجنة التنفيذية وكما هو حاصل بالنسبة للمناطق التي تحت مسؤولية لجنة الشمال حيث يتولى ذلك السيد رئيس لجنة الشمال وذلك لتوقع حصول صعوبات قد تواجه اللجنة التنفيذية في عملها .. لذلك توصي اللجنة بتولي السيد نائب رئيس مجلس قيادة الثورة مسؤولية الاشراف ومتابعة تنفيذ هذه المهمة او اي جهة اخرى يرأها السيد الرئيس القائد حفظه الله ورعاه .

-طيا صورة من خلفية الاستغلال الزراعي الحالي للاراضي الزراعيـــــة (ملحق رقم ٢)

٧-٧

کوردو نەتەوەکانی تر لە خورماتوودا :

لەمێژوویەکی دیارو ئاشکرادا شاری خورماتووی ئەمڕۆ یەکەم بەردی بناغەی لەلایەنی خوورییەکانەوە بنیادنراوە. ناوی خورماتووش بەلای ئەکەدییەکانەوە واتە شاری خوور.

مێژووی گەلی کورد لەکوردستاندا ئەگەڕێتەوە بۆ چوار هەزار ساڵی پێش زایینی، شارستانێتی و پێشکەوتویی گۆتییەکان شاهیدن لەسەر مێژووی نەتەوەی کورد لەسەرانسەری خاکی کوردستاندا.

عوسمانییەکان نزیکەی چوارسەدە حوکمڕانی عێراق و کوردستانیان کردووە، لەوماوە درێژەدا گەلێك میرنشینی کوردی لە کوردستاندا دامەزراوە، شاری خورماتوو سەر بەمیرنشینی شارەزووروبابان بووە. تاکو ئەمڕۆش ڕوبەرێکی زۆری زەوی وزاری خورماتوو بەناوی بابانییەکانەوە تۆمارەو ئەمڕۆ بەدەستی عەرەب و تورکمانەوەیە، حکومەتی پێشوو بەگرێبەست دابەشیکردووە بەسەریاندا وەکو:

کەرتی ١٧ زەنگەلووی خواروو.

کەرتی ٣٩ زەنگە لوو و عەبوود

کەرتی ٢٧ پیرئەحمەد

کەرتی ٣٣ حلێوەی بچوك

کەرتی٩ کۆکز

کەرتی١٦ حلێوەی گەورەی ژوروو

کەرتی٣٨ حلیوەی گەورەی خواروو

مێـژووی ئـەو کوردانـە لـە خورمـاتوودا ئەگەڕێتـەوە بـۆ مێـژووی میرنشینی دووەمی بابان ١١٠٦ك تاكو ساڵی ١٨١٥ز[1]

بەنیســـبەتی تورکمانـــەوە مێـــژووی هاتنیـــان بـــۆ عێـــراق ئەگەڕێتەوەســـەردەمی حـــوکمی عوسمانییـــەکان کـــە لەســـەر ڕێگـــای شـەمەندەفەر جێگیرکراون لـە تەلعەفەرو کـەرکوك‌و تـاوغ‌و خورمـاتووو کفری‌و سەعدییەو مەندەلیدا ئەمڕۆ دەژین.

لە دەلیلی کۆماری عێراقدا ل ٤٢١ کەلەساڵی ١٩٦٠دا لەچاپدراوە هاتووە..(تورکمانەکان لەسەردەمی سەلجوقی‌و عوسمانیدا هـاتوون بۆ هێڵـی عەســـکەری نێـوان کـوردو عـەرەب چـەند شـارێکی گـەورەی لێپەیدابوو وەکو تەلعەفەرو گوێرو مەخموورو ئاڵتون کۆپری‌و داقوق‌و خورمـاتووو خانـەقین‌و مەنـدەلی‌و جێزانـی..زمانیـان تورکمـانی بـووە زمانی دەسەڵات‌و حوکمڕانی ئەوکاتەبووە).

زۆربەی خانوبەرەکانی خورمـاتوو تـاکو سـەرەتای سـەدەی بیستـەم بـەناوی جولەکـەو تورکمـان‌و بابانێکانـەوە بـووە، ئـەمڕۆ بابانییـەکان لـەخورماتوودا نـەماون‌و لەسـەرەتای دانـانی دەوڵـەتی جولەکەشـەوە، جولەکـــەکانی خورمـــاتوو موڵکـــەکانیان فرۆشـــت بەتورکمانـــەکان، لەبەرئـــەوەی کـــورد زۆربـــەیان جووتیـــاربوون بەرژەوەنـــدی‌و بـــاری ئابووریيـــان لەلادێکانـــدا بـــەڕێوە دەچـــوو، لەمەڵبەنـــدی خورمـــاتوو دورکەوتنەوە، بەڵام سەنگ‌و کەسایەتی نەتەوایەتیان هەر قورس بووە لـەناوەوەی خورماتووشـدا ئـەوەبوو لـەرۆژی ٢٠ ئـابی ١٩٢٠ بـەکوردو عـــەرەب‌و تورکمانـــەوە ئینگلیزەکانیـــان لـــەخورماتوو دەرکـــرد، ئەنجومەنێکیان پێکهێنا بۆ بەڕێوەبردنی شار، ڕەفعەت بەگی داوودی

---

[1] محمد امين زكى–تأريخ الدول الامارات الكرديه في العهد الاسلامي.

هەڵبژێرا بەسەرۆکی ئەو ئەنجومەنە. ئاشکرایە نەتەوەی عەرەب تاکو سەردەمی ئیسلام لە دوورگەی عەرەبیدابوون و لەپاش هاتنی ئیسلام هاتوونەتە عێراق و وردە وردە ناوچەکانی خورماتووکەرکوك و باشوری کوردستان تەعریب کراوە. ئەمڕۆ بەخورماتوودا سێ نەتەوە دەژین: کوردو عەرەب و تورکمان، قەبارەی هەر نەتەوەیەك لەژمارەو کەسانی عەشیرەتەکانیاندا دەرئەکەوێ.

ئەوەی شایانی باسە خورماتوو مەڵبەندی سێ عەشیرەتی گەورەی کوردییە: داوودەو گڵ و شێخان جگە لە عەشیرەتی سەیدەکانی گەرمك و عەشیرەتی لەکی گەرمیان و زۆربەی سەنگی عەشیرەتی زەنگەنەش ئەکەوێتە سنوری خورماتووەوە.

مەڵبەندی عەشیرەتی بەیاتیش ئەکەوێتە ناحییەی سلیمان بەگی سەربە خورماتووەوە، کەوابێ خورماتوو مەڵبەندی شەش عەشیرەتی کوردی و عەشیرەتی بەیاتی تێکەڵاوە لە عەرەب و تورکمان.

گرنگترین عەشیرەتەکانی خورماتوو ئەمانەن:

١. **عەشیرەتە کوردییەکان:**

أ-داوودە

عەشیرەتێکی کوردی بەرفراوانە لە قەزای خورماتوودا ئەگەرێنەوە سەر باپیرە گەورەیان میرداودی کوڕی میرمەلیکی کوڕی میرسلێمان.

ئەم عەشیرەتە لەبەرەی دووپیاون لەپشتی میرداود یەکەمیان ناسربەگی کوڕی شێربەگی کوڕی شێخ حەسەن کوڕی مەلیك خەلیلی کوڕی سولطان ئەحمەدی کوڕی میرداود. دووەمیشیان لە شێخ حەسەنی کوڕی مەلیك خەلیلن. قەڵایەکی ناوداریان هەبووە بەناوی

باپیرەیانەوە(قەڵای داوودە) لەجێگای عەشیرەتی برادۆستدا لەپاش شەڕو شۆڕ لەساڵی ١٦٠٨زدا قەڵاکەیان لەدەست چوو لەوکاتەدا ناسربەگی کوڕی شێربەگ هەشت کوڕی بووە:

١. تەیمورخان لەشەڕی خدربەگی قەڵاکەدا کوژرا
٢. ساروخ خان لەشەڕی خدربەگی قەڵاکەدا کوژرا
٣. یوسف بەگ برایەکی خۆی کوشتویەتی
٤. شێربەگ- باپیرەی تیرەی(پیرەمەوەنی)یە[1]
٥. شامحەمەد-باپیرەی تیرەی(بارنەوەری)یە
٦. حەیدەر بەگ- باپیرەی تیرەی(کەچەڵەمەوەنی)یە
٧. شێخ حوسێن- باپیرەی تیرەی(شێخە مەوەنی)یە
٨. قەرەخان- باپیرەی تیرەی(کەڕەمەوەنی)یە

شێخ حەسەن کوڕی مەلیك خەلیلیش پێنج کوڕی بووە
١. شێخ حوسێن-بەلاوی مردووە
٢. شێربەگ باوکی ناسربەگ باپیرەی تیرەکانی سەرەوە
٣. شامحەمەد باپیرەی تیرەی ئاغاکانی داوودە
٤. کەیکاوە باپیرەی تیرەی(قەواو)
٥. مورتەزا باپیرەی تیرەی(سەلیم)

---

[1] لەناو کەسانی عەشیرەتی داوودەدا واباوە کە لەو سەردەمەدا لەناسربەگ داواکراوە کوڕەکانی بکاتە سەرباز، لەوەڵامدا وتویەتی شێربەگ پیرەمەوەنی، شامحەمەد بارنەوەری واتە توانای بارکردنو دەشتوەدەرینییە، حەیدەربەگ کەچەڵەمەوەنی، شێخ حوسێن شێخەمەوەنی،قەرەخان کەڕەمەوەنی.

ڕشتەی نەسەبی تیرەکانی عەشیرەتی داوودە[1]

			داود			
			شێخ حوسێن			
			ناسر بەگ			
سارۆخ خان	شێربەگ	شامحەمەد	حەیدەر بەگ	قەرەخان	تەیمورخان	یوسف بەگ
			شێربەگ			
			شێخ حەسەن			
	شێخ حوسێن		شامحەمەد - تیرەی ئاغاکان		مرتضى	کەیکارە
			مەلیک خەلیل			
			سولتان ئەحمەد			
			میرداود			
			میرمەلیک			
			میرسلێمان			

لەدەوروبەری ساڵی ١٧١٠زدا حەقی بەگی داوودی لەگەڵ هەشتا خێزانی عەشیرەتەکەیدا ڕویان کردۆتە خورماتوو لەباکوری ڕۆژهەڵاتی خورماتوودا جێگیر بون[1] ئەمڕۆ داوودە گەورەترین عەشیرەتی ناوچەکەیە نیشتەجێی گوندەکانی دەوروبەری ڕوباری ئاوەسپین ئەمەش ناوی گوندەکانیانە:-

حەیدەرە سوور، ئۆمەر سۆفی، لفتی ئاغا، عارەب ئاغا، گۆمەتە بۆر، چەچان، نامق ئاغا، ڕۆمی، ڕەزا ئاغا، شێخە وازی، قوشەلان، لەك، جەرەس، خدر وەلی، شۆراو،سنگور، نەوجول،تالاو، گۆمەیی، دارابەگ، مەنسور بەگ، فەریق بەگ، شەشەکان، سومماقە، عەلی ئاغا،

---

[1] ئەم شەجەرەیەم لە(مێژووی داوودە)وە وەرگرتوە لەنوسینو کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی بەڕێز کاك ئەحمەد شوکر دێوانە سەرۆکی تیرەی پیرەمەوەنی، کەپۆلێکی نەسەبیو مێژوویی چاکی هەیە بۆ عەشیرەتی داوودە.

[1] الداودە بین ماضیها وحاضرها.د.غالب علی الداودي.ص١٢-١٣

الخريطة الجغرافية للعشيرة الداودية
المواقع
الشرق
الجنوب
الشمال
الغرب

کولی تەپە، تەپەسەوز، جنگلاوە، پارە پارە، شاسەیوان ئەلبوسەباح، وارانی سەرو، وارانی خوارو، زنانەی سەرو، زنانەی خوارو، پەڵکانەی سادە، پەڵکانەی کوردی، پەڵکانەی سالم، شۆراو محەمەد غەریب، چەوری، ساڵەیی، باش تەپە، مەحمود بەگ، قەڵا، غەرە، نەهرەوان، قوری چای.

دێکانی داوودەی کوردستانیش ئەمانەن:

قەواڵی، پیرە مەوەنی، قەڵا چەرمەڵە، عەلیان، عەزیز قادر، چوار شاخ، توکن، لە(عشائر کردستان الجنوبیە)دا کە لەساڵی ١٩١٩دا لەلایەنی دائیرەی حاکمی مەدەنی بەغدادەوە لەچاپدراوە لەلاپەرەی ٣٢دا ئەڵێ:

هێزی ئەم عەشیرەتە ١٧٠ سوارو ٢٥٠ پیادەیە. بەڵام ئەمڕۆ تەنها لەمەڵبەندی قەزای خورماتوودا زیاتر لە ٧٠٠ خێزانن، دابەش ئەبن بە سەر زیاتر لە ١٢تیرە. گەڕیدە ئەدمۆندس ئەڵێ داوودە سێ لەسەرچواری دانیشتوانی خورماتوون.[1]

سەرۆکی داوودە ئەمڕۆ مەدحەت ئاغای کوڕی تەوفیق ئاغای کوڕی مەنسور ئاغای کوڕی محمد علی ئاغای کوڕی عەلی ئاغای کوڕی ئیسماعیل ئاغای کوڕی محەمەد ئاغای کوڕی حەقی بەگە.

شێخ و پیاو ماقوڵانی ناسراویان ئەمانەن:

خوالێخۆشبوو سالار ئاغای کوڕی رەفعەت بەگ، یونس ئاغا، محمدعلی ئاغا، عادل ومحمدکوڕی کەریم بەگ، کریم مجید، محمد

---

[1] د.کمال مظهر احمد(کرکوك وتوابعها حکم التاریخ والظمیر)ل٧٥. هەروەها عباس العزاوی(عشائر العراق)ج٢ص٦٦.

حمید،جمال ئاغای محمدغریب ئینجه بەگ. ئەحمەد شکر علی، ارجمان محمد جۆلا، شامل درویش، محمد شکر محمد، علی مستەفا علی، عادل سلیمان حمجه، عبدالباقی عبدالله منصور، جمال عبدالله منصور، ابراهیم عبداللەرشید، محمد ابراهیم محمد، ناصح موسی علی.

ب- گل

ناوی هۆزی گل لە هەرێمە جیاجیاکانی کوردستاندا بەم جۆرە هاتووە.[1]

لەکوردستانی ئێراندا لەسەردەمی مادەکان‌و دواتریش (گیل)یان پێ وتووە، ئەم زاراوەیە لە شانامەی(فیردەوس)دا واتای ئازاو دلێرو جەنگاوەر دەبەخشێ.

لەکوردستانی عێراقیشدا لەپارێزگای کەرکوك‌و خورماتوو و داقوقدا(گلی)ولەدەڤەری بادینانیشدا(گولی)یان پێدەڵێن.

چەند هۆزێك لەگەیلان لەچیاکانی باکور واتە خلخال‌و ئارام دادەنیشن ئەمانە پێیان دەڵێن(گیل). هەروەها ئەڵێن گیل ناوی گوندێکە لە گوندەکانی(خودا بەندەلو) لەناوچەی زنجان‌و ناوی شوێنێکە لە دەوروبەری کرماشان لە نزیکی قەسری شیرین. ئاماژەش بەوەدەکات کە ئەویش لەکتێبەکەی(معجم البلدان)و(یاقوت الحموي)یەوە وەریگرتووە دەڵێت[2]

---

[1] ئەحمەد شێخ لەنگەری(چەند لایەنێکی مێژووی هۆزی گل)ل٣

[2] عبداللطیف عبدالمجید گلی(لاپەڕەیەك لەمێژووی ژیانی و فۆلکلۆری هۆزی گل) گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژ١١١ ل ١١٨

لەدەوروبەری بەغدادا نزیك شاری مەدائین گوندێك هەیە پێی دەوترێ(جیل)

ئەمانە خەڵکی(جیلان)ن، ئەوەی شایانی باسە لە فەرهەنگی عەرەبیدا پیتی(گ) نییە بۆیە لەبری(گ)(ج) بەکار دەهێنرێ کەواتە جیل نییە بەڵکو گیلە. هەروەها جیلانیش واتە گەیلان.

لەکتێبەکەی ئەمیر شەرەف خانی بەتلیسی(شەرەفنامە)دا هاتووە: لەناوچەی خۆراساندا تیرەیەك نیشتەجێن، ئەم تیرەیە پێیان دەڵێن گیل کە لە سەردەمی شاە تەهماسپی سەفەویدا ١٥٢٤-١٥٧٦ز سەرۆکی ئەو هۆزە شەمسەدین بەگ بووە.

بنارگل:

ئەو بنارەیە کە کۆمەڵێك دێهاتی گرتۆتە باوەش سەر بەناحییەی قادرکەرەمی سەربە قەزای خورماتوو ئەکەوێتە باکوری رۆژهەڵاتی خورماتووەوە بە دوری نزیکەی ٤٠ کیلۆمەتر. وا دەرئەکەوێ سەرقافڵەی گل لەئێرانەوە هاتبن بۆ ئەم ناوچەیە وا ١٦ پشتیان تێکەڵ بەخاك و خۆڵی بناری گل بووە ئەمەش ناوی دێکانیانە:

١. کۆرومۆر گەورە(ئالی خان بەگ)
٢. کۆرومۆر بچوك(جان وەیس بەگ)
٣. فەرهاد بەگ
٤. تازەشار
٥. بارام بەگ
٦. کانی قادر قەلا (کانی قادر میران بەگ)
٧. کانی قادر کەلاوە (کانی قادر میران بەگ)
٨. کانی قادر ژوروو (کانی قادر میران بەگ)

٩. ئاوباریك

١٠. سۆفی ڕەزا

١١. دارتوو

١٢. کۆشك سپی

١٣. کۆشك ناوەڕاست

١٤. کۆشك گەورە

١٥. عەزیز بەگ

١٦. تەختەمینا گەورە

١٧. تەختەمینا بچوك

١٨. ئەحمەد بەگ

تیرەکانی گل[1]

١. تیرەی جان وەیس بەگ، ناودارەکانیان بنەماڵەی مەلا مەجیدە باوکی خوالێخۆشبوو نظام الدین گلی و عبداللطیف و حەمدی و ئیحسان و نەوزاد و ئازادو هەڤاڵ[2]

مامۆستای پارێزەر کەمال ئەحمەد قادریش لەم تیرەیەیە.

٢. تیرەی عەلی خان بەگن لەبنەماڵەکانیان: خێڵی محەمەد پەرێزە کوڕکانی ڕەفعەت گلی: شەماڵ و هەڤاڵ و ئاراس و سامان. لەگەڵ بنەماڵەی حەسیب محەمەد بەگ.

---

[1] ئەم زانیارییانەم لەدەستنووسەکانی بەڕێز عادل عوسمان گلی‌یەوە وەرگرتووە کە ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە گردکردنەوەو لێکۆڵینەوەی مێژووی گلدا.

[2] لە(مشاهر الالویة العراقیة- لواء کرکوك)دا پاشکۆی لیوای سلێمانی ل٢٤٢دا باسی ژیاننامەی عبدالمجید محەمەد گلی ئەکات کە لەدایکبوی دێی شێخ هەواژی سەر بەخورماتوو لەساڵی ١٩١٢دا لەدایك بووە باوکی سەرۆکی عەشیرەتی گل بووە.

٣. تیرەی فەرهاد بەگ: ناودارەکانیان عەقیدی جنسییە والی محەمەد عەلی هەردوو بنەماڵەی حەسەن کێف و وەسمان جافر کە ئەمڕۆ لەخورماتوودا بەزمانی تورکمانی ئەدوێن. مامۆستا مەلا تاهیر مەلاعەلی.

٤. تیرەی میران بەگ: خێڵی گەنجە بنەماڵەکانی برایم گەنجە، محەمەد گەنجە، شەریف گەنجە،ڕەشید گەنجە، لەگەڵ خێڵی ئەمین میران و حاجی والی عەلی شەریف و کوێخا محەمەد قادر مستەفا. بنەماڵەی مامۆستا مەلا سمایل محەمەد زێڕین و حەسەن بارام، بنەماڵەی شەهاب محەمەد سوارە، بنەماڵەی عوزێر و عوسمان هەردووکوڕی عەبدلڕەحمان.

٥. تیرەی بەهرام بەگ: ناودارو دەم سپییان بەڕێز عادل عوسمان محەمەدە برای شەهید نازم عوسمان گلی و قادر ئەحمەدو سلێمان ناسراو بە عەریف قادرو خێڵی ستار سەعید ئەمین و حاجی فارس غەفور ڕەزاو، بنەماڵەی مەلا شێخ تەها، محەمەد ڕەشید نوعمان ئەحمەد سەعدون بارام، عەلی محەمەد بارام، حاجی عادل خاوەن تەکیەی قەرەچێواری.

٦. تیرەی کوێخا عاشور خێڵی کامل محەمەد شەریف لەبەغداد و بنەماڵەی فاتح خەلیفە فەریق و مەلا ئەمینی برای، بنەماڵەی کەریم قادر وەسمان و مەجید ئەحمەد عەلی.

کەسانی هەموو ئەم تیرانە ئەچنە سەر باپیرە گەورەیان شاسوڵتان عەلی کە هاتۆتە ناوچەی بنار گل و نیشتەجێ بووە هەروەکو وتمان لەپێش ١٦ پشتی کەسانی گلی ئەمڕۆ کە حوسێن حوزنی موکریانی

لــه كوردســتانى موكريانيــدا ل ١٠٧ بەشــى يەكــەم بەدرێــژى باســى دەكات.

يەكێ لەنەوەكانى شاسوڵتان خالد بەگ بووە پێنج كوڕى هەبووە لەســەردەمى عوسمانيــدا پێيــان وتــراوە(بــێش بەگلــەر) هەريەكــەش بەناوى خۆيەوە دێيەكى بووە كە ئەمانەن.

١. بارام بەگ

٢. فەرهاد بەگ

٣. جان وەيس بەگ

٤. عەلى خان بەگ

٥. ميران بەگ

-لەپاش عەشيرەتى داوودە گلەكان سەنگێكى قورس و فراوانيان لەخورماتوودا هەيە زياترلە٤٠٠ خێزانن تەنها لەمەڵبەندى شارەكەدا.

ج-شێخان

عەشيرەتى شێخان يان شێخانى بەرزنجەيان پێئەڵێن چونكە لقێكن لە بەرزنجە. كەسانى شێخانى بەرزنجە ئەچنە سەر شێخ ئيمامى كوڕى بايەزيدى كوڕى شێخ ئيسماعيلى كوڕى بابارەسوڵى گەورە.[1]

بەڵام عەشيرەتى سەرەكى بەرزنجە ئەچنە سەر بابارەسوڵى گەورە ئەويش ئەچێتە سەر شێخ عيساى بەرزنجى براى شێخ موسا. گوندەكانى شێخان ئەكەونە دوو ديوى شاخى بنار گلەوە لاى رۆژئاوا سەر بە ناحيەى نەوجوڵ سەر بەقەزاى خورماتووە كە ئەم گوندانەن:

١. ميل ناسر

---

[1] محمد عبدالكريم شێخانى(پوختەيەك دەربارەى هۆزى شيخانى بەرزنجە) ل٢٠

٢. چاڵەو دووانە

٣. ئاغجەمەشهەد

٤. قەڵخانلووی گەورە

٥. قەڵخانلووی بچوك

عەشـیرەتی داوودە ئـەم گوندانـەی کـە شـێخانی بەرزنجـەی لێ نیشـتەجێن بەناوچـەی داوودەی دەزانـن. بـەڵام گونـدەکانی شـێخانی ڕۆژهەڵاتی شاخی بنار گل ئەمانەن:

١. یۆڵە

٢. قەڵا مکایل گەورە

٣. قەڵا مکایل بچوك

٤. قەشقە

٥. چەم سورخاو

٦. ژاژ

٧. شاووك

٨. داربەسەرە

٩. کوڵەکانی

١٠. تەپەسەوز

١١. تازە شار

١٢. عەلی مستەفا

١٣. قەرە چێوار

١٤. نەورۆز

١٥. پارەوڵە

ئەم دێیانەش دیسان تێکەڵاوییان تێدایە لە سەیدی جەباریو پیرخدری، بۆیە غەیری شێخانیش بەگوندی خۆیانی دەزانن.
شێخان بەسەر چەند تیرەیەکدا دابەش ئەبن بەناوی دێکانیانەوە.
ناودارەکانیان ئەمانەن:—
بەڕێز سەید قاسم مەجید، سەید رەشید محمەد سەعید،سەید جهاد رەزا حەسەن، مامۆستا بورهان محەمەد بەرزنجی، دکتۆر یوسف ئەمین، سەید توفیق قادر سەعید،شێخ عەبدلعەزیزی نیشتەجێی قەڵخانلوو سەیدە لەبنەماڵەیەکی غەیری شێخان بەڵام خۆیو خێڵەکەی تەحالفیان لەگەڵ شێخاندایە.
کەسانی شێخان ئەمڕۆ لە مەڵبەندی شاری خورماتوودا نزیکەی ٥٠٠ خێزان دەبن.

د-زەنگەنە

عەشیرەتێکی کوردی دێرینە سەقامگیری ئێران بوون، چۆنێتی هاتنیان بۆ کوردستانی عێراق ئەوەبوو ئەم عەشیرەتە لەگەڵ (شاە ئەحمەد قاجار)دا تێکچون، بۆیە لەئێرانەوە هاتنە کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی(نەوشیروان بەگ)
لەساڵی ٩٧٥ کۆچیدا، هاتنە دێی (گەڕاوی) ناوچەی گلی سەر بەخورماتوو لەساڵی ١٠٠٠کۆچیدا نەوشیروان بەگ کۆچی دوایی کرد لەدووای خۆی تەنها(میرسمایل)ی کوڕی بووە بوو بەسەرۆکی عەشیرەتی زەنگەنە[1]
عەشیرەتی زەنگەنە لە کوردستانی عێراقدا لەسەردەمی سەفەوییەکاندا میرنشینێکی بەهێزیان بوو بەناوبانگترین میریان میر سمایل بوو

---

[1] محەمەد عەبدل رەحمان زەنگەنە(مێژووی عەشیرەتی زەنگەنە) ل٥

لەپاشاندا میر ئەحمەد، پایتەختیشیان دێی(قەیتوول) بوو کە ئەمڕۆ سەربە ناحییەی قادرکەرەمی سەربەخورماتووە، تاکو ئێستاش شوێنەواری کۆشك‌و سەراو ئۆردوگاو سوپاخانەی ماوە.

عەشیرەتی زەنگەنە گەلێك دێیان هەیە بەڵام زۆربەی ئەو دێیانە عەشیرەتەکانی تریش بەدێی خۆیانی دەزانن هەندێك لەدێکانیان ئەمانەن:-

ئیبراهیم غولام، عەبدولا هەوری، بەگزادە، رەمەزان مامکە، کەریم باسام، باوەکر، بەکرە گەرە، بنەکەی خەپەکوێر، تازەدێ،قولی جان سەرحەد، قولی جان ئەمین قارەمان، تاوسانە، هەسەن پرچن، تۆپخانە،فەقێ مستەفا، تیلەکۆ، مشکی بان، گۆلباغ خواروو، گۆلباغ ژورو، هەرێنە، قەیتول، گەڕاوی، دارتوو، تەپەسپی، ژاڵە.

کەسانی عەشیرەتی زەنگەنە ئەمڕۆ لەشاری خورماتوودا زیاتر لە ٣٥٠ خێزانن، نزیکەی ١٠٠ خێزانیان لە خورماتووو دێکانی بەیاتدا بەزمانی تورکمانی ئەدوێن.

پیاو ماقوڵانیان لەخورماتوودا بەڕێز شوکرئەحمەد ئەمین‌و بورهان محەمەدو عومەر عەلی‌و وەستا سەمەد خەیات‌و حاجی عەبدوڵڵا زەنگەنەیە.

٥-ساڵەیی

ساڵەیی عەشیرەتێکی کوردی نیشتەجێیە، لەساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەسێ جێگەدا بوون(ناوچەی گل؛و(لەیلان‌وکەرکوک)و لە (دێی سەربیلی نزیك ئاڵتون کۆپری)[1]

---

[1] کیبی(عشائر کردستان الجنوبیە بین الزاب الکبیر وديالى) لەساڵی ١٩١٩دا حاکمی مەدەنی بەغداد لەچاپیداوە.ل١١٠-١١١

هــەر لەکۆنــەوە ســەرۆکێکیان نــەبووە کۆیــان بکاتــەوە بەگشــتی عەشــیرەتەکە، تــەنها لقــەکانیان نــەبێت ســێ بــرا لەکەرکوکــدا سـەرۆکایەتیان کـردووە تەهابـەگو تۆفیـق بـەگو مەجیـد بـەگ، قـادر ئاغاش سەرۆکی سالەیی‌دێی سەربیل بووە[٢]

لەو سەردەمەدا هێزیان تەنها ١٥سوارو١٠پیادە بووە لەکەرکوکدا، ١٠سـوارو٨٠پیـادەش لـە گونـدی سـەربیلدا. دێکـانی ئـەم عەشـیرەتە ئەمانەن:

سـەربیل، قەرەچەم، بـای حەسـەن، مشێرفە، ئەبوخورجە، هـەردوو مەلحە، توێڵعـە، عەلـەغیر، مامە،خەرابـە، ڕووتـە، سمـایلاوا، تـەق تـەق، کوێخا ڕێوی، دۆرم، مامشە، نەڕعەلی، سابونچی، قوشقایە، قـەرەدەرە، قایــەباش، کتکــە، قـ ـرەغەنــدوور، گــورزەیی، نــەبیاوە، شانشــین، غەزنەفەر، هەردوو چیا چەرمگ، هـەردوودەرماناو، گـەڵۆزی، گـەوەنی، ڕۆژبەیانی، قادر باغر، هەردوو پیرەسپان، یارمجە.

لەسـنووری قـەزای خورماتووشـدا لەسـەر جوگرافیـای عەشـیرەتی داوودە لەچەند دێیەکدا هەن وەکو:

تەپەســەوز، پەڵکانــەیکوردی، گونـدی(ســاڵەیی بـان چـەم)یـش تایبەتـە بەخۆیانـەوە بـەڵام نزیکایـەتی ساڵەییەکانی خورمـاتوو لەگـەڵ ساڵەییەکانی کەرکوکدا بەتەواوی نەزانراوە عەشیرەتی ساڵەیی ئـەمڕۆ لەشاری خورماتوودا نزیکەی ٢٥٠ خێزان ئەبن ناودارو دەم سپیشـیان ئەمانەن:

---

[٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

هـەردوو بـرا مەلاسـتارو مـەلافاتح كـوڕی قـادر عومـەر، ئەحمـەد سەمین، شامل سەمین ناسراو بەشامل نانەوا، مەلا خورشید محەمەدو ناسح حاجی.

و-گەرمك

یەكێكە لە عەشیرەتە نوێكانی كوردستان، لقێكە لەعەشیرەتەكانی پیرخدری بەرفراوان، لەم ساڵانەی دوایدا مەرجەكانی عەشیرەتی تێدا پێكهات لـە ژمارەی كەسانیو یـەكگرتوویيو چوونە سەر بـەرەبابێك، لەزانستی ئەنسابدا ئەبێ تیرە یان عەشیرەت یەككگرتنەوەیان لەدەپشت زیاتر بێتو سەربەخۆبن لەژێری باڵی عەشیرەتێكی تردا نەبن.

ئەو گوندانەی كە سەیدەكانی گەرمكی تێدا بووە لەناو عەشیرەتی داوودەدا ئەمانەن: دێی ئەلبو سەباحو غەڕەو وارانيوقەلأبەلأم وەكو موڵكایـــەتی دێـــی گـــەرمك هـــەموو زەویو زارەكـــانی بـــەناوی گەرمكییەكانـەوە تۆمـاركراوە كەرووبەرەكـەی نزیكـەی ٤٢كـم[٢] زیـاتر لەدووسەد پارچە زەوی كشتوكاڵی هەیە لەژێر ژمارەی كەرتی ٧١ گەرمكدایە سەر بەناحییەی نەوجولی سەربە قەزای خورماتووە.

لەدەوروبەری ساڵی ١٢٠٠ كۆچیدا هەرسێ برا شێخ قولیو شێخ عەلیو شێخ وەلی لەگەڵ سەید دەروێشی مامیاندا لە دێی گەرمكدا جێگیربونە[١] لەو كاتەدا قشلأخی ئۆمەربلییەكان بووە، هەموو گەرمكییەكان لەسەید ئیسماعیلی كوڕی سەید ئەحمەدا یەكدەگرن لە باپیری دووانزە هەمیانە.

ئەحمەد حەمید گەرمكی(هۆزی گەرمكی گەرمیان)ل١٠

لەپێش جیگربونی ئەم عەشیرەتە بەتەواوی لە گەرمکدا هەرسێ برا سەید ئەحمەدو عەلی‌ومەحمودی گەرمکی لە ئەستەمبوڵەوە فەرمانی سوڵتان عەبدلحەمیدی دووەمیان هێناوە بۆ وەرگرتنی خاقانی کە تاپۆی ئەو سەردەمە بووە. لەساڵی ١٩٥٥دا لەژێر نامەی ژمارە ١٦٤٦دا لەدائیرەی داواکاری گشتی دادگای کەرکوك گۆڕاوەتە سەر عەرەبی‌و تائێستا ئەو بەڵگەنامانە هەڵگیراون.

زانایانی گەرمك خوالێخۆشبوان مەلا تەهاو مەلاسەید لوتفولاّو مەلا سەید سدیق دەورێکی کاریگەریان بووە لە نوسینی مێژووی ئەم عەشیرەتەدا[1]

تیرەی گەرمکییەکان ئەمانەی خوارەوەن[2]

١. تیرەی سەید قاسم کوڕی شێخ قولی. ناودارەکانیان: سەید لوتفوڵای کوڕی سەید عەبدوڵا، سەید عەبدلقادر سەید حاجی جەبار، شیخ قادر شێخ رەشید،سەید ئیسماعیل سەید غەریب.

٢. تیرەی سەید سمایل کوڕی شێخ قولی:ناودارەکانیان: سەید حەسەن سەید عەزیز، سەید عومەر سەید عوسمان، سەید سمایل‌و سەید عەزیز کوڕی سەید عەباس، سەید قادرو سەید ئەحمەد کوڕی سەید سەمین، سەید فەقی‌و سەید تەقی‌و سەید جەعفەر کوڕی مەلا سەید سدیق.

---

[1] فتحي عبدالقادر سلطان (تأريخ وبيوتات ال البيت في بلاد الرافدين) ل٢٩٩ چاپی ئەردەن

[2] ئەحمەد حەمید گەرمکی(هۆزی گەرمکی گەرمیان)ل٢٧.

٣. تیرەی سەید ئەحمەد کوڕی شێخ قولی ناسراو بەتیرەی کاکە: ناودارەکانیان سەید خەلیلو کوڕەکانی مامۆستا مەلاخالدو مەلا ئەیوبو مامۆستا محەمەد.

٤. تیرەی سەید غەنی کوڕی سەید شەعبان کوڕی شێخ قولی:ناودارەکانیان: مامۆستا مەلا شێخ حوسێن سەید حەسەنو سەید عەدنان سەید حوسێن. دکتۆر خالد سەید هاشم.

٥. تیرەی سەید دەروێش کوڕی سەید وەلی: ناودارەکانیان کوڕەکانی سەید کەریم سەید حەمید، پارێزەر بەکرعوسمانوئەندازیار عومەری برای. سەید مەحمود سەید کەریم.

٦. تیرەی سەید مەجیدی کوڕی سەید عەلی، زانیاریمان لەبارەیانەوەنییە چونکە دابڕاون.

٧. تیرەی سەید وەلی کاکە کوڕی سەید وەلی کوڕی شەعبان: ناودارەکانیان حاجی سەید نوری سەید وەلی، پارێزەر سەید محەمەد سەید ڕەشیدو سەید جەمالو کەمالی برای،مامۆستا یەید ئەنوەر، سەید کامل، کوڕەکانی حاجی سەید نوری: سەید قاسمو سەید هادی،سەید حەمید سەید ئیسماعیل.

٨. تیرەی سەید وەلی سەید ئیسماعیل: ناودارەکانیان: سەید کەمال سەید حەسەنو سەید شوکرو سەید ئەحمەدو بنەماڵەی سەید ودلی سەید عەلیو کوڕەکانی مامۆستا مەلا ئەحمەدو مامۆستا خالد،بنەماڵەی سەید جوامێر سەید حەمید سەید هادی سەید واحد.

٩. تیرەی سەید وەلی سەید محەمەد:کوڕەکانی سەید سلێمان سەید ئیبراهیم:سەید سابیرو سەید عەتا شێخ محیٰ‌الدین کوڕی سەید بابا.مام سەید وەلی سەید محەمەد.

گەرمکییەکان لەخورماتوودا ئەمڕۆ زیاتر لە ١٥٠خێزانن. شەجەرەو بەڵگە نامەکانیان لەزۆر سەرچاوەدا هەیە[١] لەخورماتوودا بنەماڵەی کوردی تر زۆر هەیە لەعەشیرەتەکانی تر وەکو جافو دەلۆو جەباریو کاکەیی.

---

[١] بڕوانە(سەرچاوەی بێگەرد بۆ ناسینی مەرد) لەنوسینی حاجی شێخ نوری بابا عەلی ل١٨٤،١٨٨،١٨٣، هەروەها بنەماڵەی پاکان لەنوسینی مەحمود ئەحمەد.ل٩٠چاپی ئێران، هەروەها(رسالة محنقرة عن پیرضفر شاهۆ) لەنوسینی ئەحمەد حەمید گەرمکیو ئەنوەر کامل گەرمکی.ل٤٥، هەروەها بنەماڵەی زانیاران لەدانانی مامۆستا شێخ کەریم بەیارە ل٥٤٩

قدوة القضاة والحكام قاضي كركوك زيد فضله سمن وصول الامر الشريف الرفيع ليكن معلوما //
لديكم (لانقراء) من انه من السادات الكرام السيد علي والسيد محمود والسيد احمد
زيد شرفهم (لانقراء) قدموا عرضحال بان هولاء (لانقراء) من سكان استانبول //
(لانقراء) في يده حجة وتمسك (لانقراء) في ارضه وفضلا في ضبطه وتصرفه والامر
بوجوب باخذ التكاليف في كافة عوارضهم (لانقراء) ليعمل وليس في املاك واراضي الرعايا //
القديمة بمطالبة التكاليف (لانقراء) بالاجحاف وادعاء (لانقراء) والضبط في جانبهم
(لانقراء) ومن قبل امالبجا الضابط (لانقراء) من التكاليف الواردة (لانقراء) لحضيت
حصة التكاليف منا (لانقراء) ومن جانب الطائفة المراقبة ايضا ان هذا الامر الملكي بمطالبة
التكاليف لا يخلو من التجاوز والتعدي بهذا الخصوص (لانقراء) فتوى شيخ الاكارم
والقانون (لانقراء) الامر جاارادتي الشريفة والسؤال القانوني من ديواني الملكي (لانقراء)
اساسا (لانقراء) من الكرام (لانقراء) انهم واذا كانت لديه حجة وتمسك من ملوك استانبول
وفضلا بضبطه وتصرفه في قصبة كركوك عوارض (لانقراء) الموجودة يجب اخذ التكاليف فاذا لم
يكن لديه الرعايا القديمة املاك واراضي من جانب ضابط القصبة المذكورة (لانقراء) ومن
جانب الرعية واهالي القصبة المذكورة ايضا الامر الشريف (لانقراء) ومن جانبهم ايضا
فان الامر الشريف بمطالبة التكاليف الشاقة مغاير للقانون طلبا للتحذير وللعمل وفق القانون
صدرت ارادتي الملكية (لانقراء) وعند وصولها العمل بموجبها (لانقراء) مفيدا //
العنوان الشريفة (لانقراء) يجب ان تقوم بها ومنذ من السادات الصحيح النسب (لانقراء)
اذا كانت لديه حجة تمسكا من نقبه استانبول يجب ان يكون بضبطه وتصرفه فضلا وموجبا //
بغير المعارض (لانقراء) املاك اراضي الرعايا القديمين من جانب ضابط القصبة //
المذكورة رسوم الرعية ومن جانب اهالي القصبة المذكورة ايضا بامري الشريف ان يبدا //
فان (لانقراء) من التكاليف وان تمنع تعرض الاذى من اهالي العراق بمطالبة التكاليف
الشاقة (لانقراء) لم تخالف القانون وارادتي الملكية بعد هذا وللخصوص المذكور (لانقراء)
تحت امري وان تعتمد على علامة الشريف تحريرا في اوائل شهر ربيع الاول سنة (لانقراء)
والف

حزوار عثماني

دائرة كا

الرسم

رقم

التاريخ / /

للأمن

جمهورية العراق

كركوك

اسماعيل محمد علي

كاتب عدل كركوك

٢. عەشیرەتە عەرەبییەکان:

أ-بەیات:

کۆنترین بەڵگەنامەیەك لەژێر دەستمدابێت لەبارەی عەشیرەتی بەیاتەوە گەشتە نوسراوەکەی(کلۆدیوسن جیمس ریج)ە لەساڵی ١٨٢٠زدا بەرئەنجامیداوە، بەهادین نوریش لەساڵی ١٩٥١زدا کردویەتی بەعەرەبی لەلاپەڕەی ٧-١٨دا ئەڵێ: (گەیشتینە چەمی قوڕی چای ئاوی تێدانەبوو تەنها کەمێك باراناو نەبێت، ئەو ناوە تورکمانی بەیاتی لێبوو، سەرەك خێڵەکەیان کەناوی حەسن بوو بە(قەرە قوش بەگ) ناسراوبوو دەعوەتی کردین‌و پێی راگەیاندین کەوا سوڵتانی عوسمانی ئەو زەوی‌و زارانەی پێبەخشیون بەرامبەر بەوەی ئەبێ سەربازی بکەن بۆ والی عوسمانی لەبەغداد ئەگەر خۆی فەرماندەی شەڕ بوو، ئاگاداریشی کردینەوە کە(نادرشا) کاتێك ئەم ناوچانەی داگیرکرد هەڵسا بەگێڕانەوەی بەیاتییەکان بۆ باوەشی عەشیرەتی بەیاتی گەورە لە خۆراسان، ئەوانەش کەماونەتەوە لە خێزانی سەرۆکی عەشرەتن. بەگوێرەی ئەم سەرچاوەیە رەگەزو رەسەنی بەیات ئەگەڕێتەوە بۆ خۆراسانی ئێران‌و لەکاتی عوسمانییەکاندا هاتونەتە خورماتوو.

گەڕیدەی فارسی سەید محەمەدی کوڕی سەید ئەحمەدی حەسەنی کە نازناوی(المنشيء البغدادي)یە لەکتێبی(رحلة المنشيء البغدادي)دا کە لەساڵی ١٨٢٢زدا نوسیویەتی، پارێزەر عەباس عەزاوی لەساڵی ١٩٤٨زدا کردویەتی بەعەرەبی لەلاپەڕەی ٥٤-٥٥دا ئەڵێ: دووز خورماتوو: لەکفرییەوە بۆ دووز خورماتوو حەوت فەرسەنگە لەڕێگادا چەمی قوڕی چای هەیە کە ڕوبارێکی وشکە،تەنها

لەبەهاراندا نەبێت باراناوی تێدا دێت. پەڕینەوەی زەحمەت نەبێ، نزیکەی ۲۰۰۰ماڵن بەتورکی و کوردی و عەرەبی ئەدوێن، هەندێکیان شیعەن و هەندێکیان سوننە..)

ئەم گەڕیدەیە هاوچەرخی گەڕیدە مێجەر بووە گەشتەکەی لەپێش ۱۸۲ ساڵ بووە.. لەوکاتەدا بەیاتییەکان تێکەڵاویان لەگەڵ کورددا بووە، ئەگەر لەڕەگەزدا کورد نەبووبێتن ئێستاش دێی(یەنگیجە)ی سەربەداقوق بەیاتین و زمانیان کوردییە.بەڵام کتێبە تازەکانی سەردەمی(۳۵) ساڵەی حوکمڕانی حزبی بەعس بەیات ئەگەڕێنێتەوە سەر عەرەب: یونس سامەڕائی ئەڵێ: (ناشارێتەوە تیرەکانی بەیاتی خورماتوو و کفری لەگەڵ کوردو تورکماندا تێکەڵاوی و ژن وژنخوازییان هەیە بەبۆنەی دراوسێتییەوە ئەوانەش کە لە تەلعەفەرن)[1] فەرحان ئەحمەد سەعیدیش ئەڵێ: (بەیات عەشیرەتێکی عەرەبییە لە رەبیعەی طائیە لەزۆر قوڵی عێراقدا بڵاون بەڵام بەزۆری لە ناوچەی سلێمان بەگی سەربە قەزای خورماتوو سەربە پارێزگای صلاح الدینن واتە تکریت).[1]

(د.خاضع المعاصیدي)ش بەیات ئەگێڕێتەوە سەر (طي) خەڵکی جابرییەن لەقەزای قایم لەپاش ئەوەی لەلایەنی (ثامر، عبید، محمد، جبر)یەوە کەعەرەبی زوبێدن دەست درێژی کرایە سەریان چوونە خابووری موسڵ و لەوێشەوە بۆ حەمرین بەرەو کەرکوك و خالس،

---

[1] یونس ابراهیم السامرائی(القبائل والبیوتات والاعلام في شمال العراق) ل ٤٢-٤٣.

[1] فرحان احمد سعید(آل ربیعة الطائیون) ل ٢١٦-٢١٧

لـەویٚ خانێکیـان دروسـتکرد بـەناوی خـانی بەیاتـەوە بـەتورکمانیو عەرەبی ئەدوێن.[2]

لـەکتێبی(انسـاب القبائـل العراقيـة وغيرهـا) لـەدانانی(الامـام العلامـة الكبير المرحوم السيد القزويني الحسيني)دا لـە لاپـەرە ٢٩داهـاتووە: (بـەیات نـاوی هـۆزێکی نـاودارە لـەزۆر لیـوادا دادەنیشـن بەتایبـەت لـە دیالاو زۆر شوێنی تری عێراقدا نیشتەجێ بوونو بونەتە شارستانی).

لەگۆڤاری کەرکوکی ژمارە ١٦دا لەسەر لاپەڕە ٨٥دا ئەڵێ: (هـۆزی بەیات: هۆزێکی پێکهاتەی عەرەبو تورکمانە لەناویانـدا گروپێـك هـەن بیروباوەڕی تایبـەت بـەخۆیان هەیـە وەك(بەراوچیلی) چـەند گونـدێکی تریان سەربەقەزای خورماتوون ئەکەونـە سـەر ڕێگـای نێـوان حـەمرینو دووز.(بـەیات): بریتیبـووە لـە قەڵایـەکی(لوڕسـتان)و نزیـك بـە بـەدرە، هۆزی بەیاتی تورکی تێدا ئەژیا، شاوێردی ئەمیری لوڕسـتان تێکیـداوە بـەیاتی لێدەرپـەڕانو بـڵاوەی پێکـردن بەشـێکیان لەناوچـەی بـەیاتی ئێسـتای دوز خورمـاتوو گیرسـانەوە، بەشـێکیان بەئێرانـدا بڵاوبونەوە).[1]

---

[2] د.خاشع المعاصيدي(بعض انساب العرب– اعالي الفرات) ل ٢١١.

[1] مذكرات مامون بگ بن پيگه بگ ص٤٧ هامش رقم ١٧٩.

تیرەکانی بەیات[2]

١. ئەلبو موراد
٢. ئەلبوسوڵتان
٣. ئەلبو حەسەن
٤. ئەلبو حوسێن
٥. ئەلبورەزا ڕوێزات
٦. ئەلبو وەلی(دەلالوە).

بەیاتی ئەمڕۆ لەخورماتوودا لەهەردوو ناحییەی سلێمان بەگو ئامرلیدا دەژین، نزیکەی ٢٠٠ماڵ زیاتریان لە شاری خورماتوودایە نیوەیان عەرەبن و نیوەیان تورکمان لەسەردەمی رژێمی بەعسدا هەرکەسێك خۆی بکردایە بەعەرەب نازناوی بەیاتی بۆخۆی دادەنا.

شێخی عەشیرەتی بەیاتی ئەمڕۆ شێخ سامی عەبدوڵا بەگە لەناحییەی سلێمان بەگی سەربەخورماتوو دادەنیشێ و عەدنان فارس. بەیاتەکان کوردیان تێدایە وەکو کە لەوەند و یەنگیجە، پێشوازییان لەشێخ مەحمود کرد لەکفریدا لەدوای گەڕانەوە لەهند تاکوسلێمانی چوون لەگەڵیدا.[1]

ب-ئەلبوحەمدان:

لەخورماتوودا لەهەردوو دێی حلیوەی گەورەو بچوك نیشتەجێن نزیکەی ١٠٠ماڵیان لەشاری خورماتوودایە بەڵام نزیکایەتییان لەگەڵ

---

[2] د.خاشع المعاضيدي(بعض انسان العرب- اعالي الفرات)ل ٢١١. هەروەها فرحان احمد سعيد(آل ربيعة الطائيون)ل٢١٦-٢١٧

[1] د.كمال مظهر احمد(كركوك وتوابعها) ص٧٥-٧٧.

ئەلبوحەمدانی سەرەکیدا نەزانراوە شێخیان رەشید مەجید فەهەدە کەباوکی لەسەردەمی رژێمی بەعسدا لەسێدارەدرا.

ج-ئەلبو مفەرج:

ئەگەڕێنەوە سەر عەشیرەتی عوبێد نیشتەجێی گوندی(دبەچ)ن سەربەخورماتوو لەشاری خورماتوودا نزیکەی ٣٠ خێزان ئەبن و شێخیان(ئەحمەد حەمید)ە.

و-نعێم:

سەیدی نعێم ئەچنەسەر ئیمام برایم مورتەزای کوڕی ئیمام موسای کازم. نعێمەکانی خورماتوو تیرەی ئەلبو بەسرین، گوندی پەڵکانەی سادە سەربە ناحییەی سلێمان بەگ. نعێمی خورماتوو نزیکەی ٤٠ خێزان دەبن بەعەرەبی و کوردی ئەدوێن.

لەگەڵ گەرمکییەکاندا تێکەڵاویان هەیە.

پێشەوایان سەید هاشم سەید مەحمودە ئەندامی شارەوانی خورماتوو لەگەڵ پارێزەر قادر عەلی سەرۆکی شارەوانی خورماتوو.

چەند بنەماڵەیەکی کەمی عەرەبی تر لەخورماتوودا دەژین وەکو مەولا

٣. تورکمان:

لە کەرکوك و دەوروبەریدا بەخورماتووەوە سێ نەتەوە ئەژین کوردو تورکمان و عەرەب. زۆربەی تورکمانی کەرکوك لەناوەندی کەرکوکدا دەژین هەر بەوشێوەیە لەخورماتوودا لەگەڵ چەند گوندێکی تری بەیاتدا تورکمان نوێترین نەتەوەیە هاتبێتنە ئەم خاکە لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەمی زاینییدا لەپرۆسەیەکی بەرفراوانی

ئـەورەی تـورك هێنانـدا كـە سـوڵتانی عوسمـانی مـورادی چـوارەم پێیهەڵسا بەخودی خۆیی سەركردایەتی ئەوپرۆسەیەی كرد لەعێراقدا بـۆ بـەهێز بـوونی دژایـەتی كردنـی سـەفەوییەكانو گرتنـی بەغـداد، سوڵتان لەدوای ئەوەی بەغدادی گرت لەپێشـی ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئیستانە لـەو توركـە هاوردانـە حامییـەی بـەهێزی دانـا بـۆ پاراسـتنی رێگـاو بـانی هاتوچـۆ لـەنێوان ئـەوو بەغـداداو دیفـاع كـردن لـەكاتی پێویسـتدا.ئـەو توركمانانـەی لەسـەر هێڵێكـی وەهمـی نێـوان كـوردو عەرەبـدا دانـا لـەعێراقدا ئـەم هێڵـە لەبـەدرەوە دەسـت پێـدەكات رووەو باكوری رۆژئاوا بەمەندەلیو قزلـەربات و خانـەقینو قەرەتەپـەو كفریو خورمـاتووو داقـوقو تـازە خورمـاتووو كـەركوكو ئـاڵتون كـۆپریو هـەولێرو موسڵدا تێدەپـەڕێ تـاكو تەلعەفەر لـە رۆژئاوای موسڵ، ئەم هێڵـە هێڵێكـی سـتراتیژییە ئـەنادۆڵ ئەبەسـتێ بەعێراقـەوە.[1] لەبـەر ئـەوەی لـەو پرۆسـەیەدا پرۆسـەی تـورك هێنـان بـۆ كوردسـتانی عیراق بەعەشـیرەتی نـەهاتون بـەڵكو بـە تـاكو كۆمـەڵ بۆیـە تـاكو ئـەمڕۆش توركمان عەشیرەتی گەورەو یەكگرتوویان نییە بچنە سەر یەك بەرەباب لەچەشنی عەشایەری كوردی وەكو: جافو هەمەوەندو داوودەو گلو ئەوانی تـر لـەماوەی تێپـەڕبوونی ٣٠٠ساڵی رابوردوو بەسـەر هـاتنی توركمانـدا بـۆ كوردسـتان بنەماڵـەیان لێبۆتـەوە نـەك عەشـیرەت، لەخورماتوودا گەلێك بنەماڵەیان هەیە بەناوی پیشـەیان ناوچەوە نـاو دەبـرێن كوردیشـیان زۆر تێكـەڵ بـووە وەكـو بنەماڵـەی مـەعروف كـە قەواڵی داوودینو بنەماڵەی قەزاو گلنو زەنگەنەیەكی زۆریش بوونەتە

---

[1] عبدالمجید فهمی حسن(دلیل تاریخ مشاهیر الالویة العراقیة- لوا كركوك) ١٩٤٧ ص٥٧-٥٨.

تورکمـان سـەرەڕای جـاف وەکـو بنەماڵـەی عوسمـان عومـەری جـاف زۆربەشـیان بونەتـە شـیعە چـونکە زۆرینـەی تورکمـانی ناوشـاری خورمـاتوو شـیعەن. پیـاوی مـاقوڵو دەم سپیشـیان هەیـە وەکـو شکوخورشیدبەگ، سەید جەعفەر سەید حەسەن، سەید ساحب سەید زەمان، سەید حوسێن سەید بەهجەت، عەباس ئەحمەد ئاق سو، سەید عەزیز سەید قادر.

ڕێژەی نەتەوەکانی خورماتوو لەساڵی ١٩٧٧دا بەگوێرەی ئەم خشتەیە بوو[(١)]

ژ	ناوی شار	ڕێژەی عەرەب	ڕێژەی کورد	ڕێژەی تورکمان
١	مەڵبەندی قەزای خورماتوو	٪٢٦,١٩	٪٣٣,٠٧	٪٣٩,٥٤
٢	ناحییەی ئامرلی	٪٨٤,٤٢	٪١,٩٥	٪١١,٦٥
٣	ناحییەی سلێمان بەگ	٪٨٦,٧٩	٪٣,٩٦	٪٨,٩٦
٤	ناحییەی نەوجول	٪٠,١٩	٪٩٩,٥٩	٪٠,٠٣
٥	ناحییەی قادرکەرەم	٪٠,٨٢	٪٩٨,٦٧	٪١,٠١

[(١)] گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە٤

بەگوێرەی سەر ژمێری سالی ١٩٩٧

مەڵبەندی خورماتووو سنووری هەردوو ناحییەی ئامرلیو سلێمان بەگ بەم شێوەیە بوو[1]

ژ	ناوی یەکەی ئیداری	شارستانی ،لادێی	نێر	مێ	کۆ
١	خورماتوو	شارستانی لادێی	٢٧,٨٩٠ ٦,٠٥٤	٢٩,٣٨٠ ٦,٢٩٥	٥٧,٢٧٠ ١٢,٤٤٩ ٦٩,٧١٩
٢	ئامرلی	شارستانی لادێی	٣,٧٧٠ ١١,٠٣٩	٣,٧٢٦ ١١,٦٣٤	٧,٤٩٦ ٢٢,٦٧٣ ٣٠,١٦٩
٣	سلێمان بەگ	شارستانی لادێی	٣,٥٨٤ ٤,١٩٥	٣,٦٥٨ ٤,٤٥٠	٧,٢٤٢ ٨,٦٤٥ ١٥,٧٧٥

لەو سەرژمێرییەدا هەردوو ناحییەی قادرکەرەمو نەوجولی کوردنشین بەری شاڵاوی ئەنفال تەرحیل کرابونو هەردوو ناحییەکە هەڵگیرابوون بەڵام لەشاری خورماتوودا رێژەی نەتەوایەتی بەم شێوەیە بوو:

[1] ئەم ئامارانەم لە دەفتەری قایمقامیەتی خورماتووەوە وەرگرتووە.

کورد ٥١٪

تورکمان٣٠٪

عەرەب١٩٪

که کۆی هەرسێ نەتەوەکەی مەڵبەندی خورماتوو ٦٩,٧١٩ کەس بوو کەواتە ژمارەی کوردی خورماتوو نزیکەی ٣٤,٨٥٠ کەس بووە.

لەئامرلیشدا تەنها کۆمەڵگای سەیاد ٢,٠٢٩کەس بون لەخەڵکی گوندەکانی ئەلبوسەباح و پارەپارەو تەپەسەوز بۆ ئەوێ بارکرابون و هەموویان لەدوای پرۆسەی ئازادی گەڕانەوە خورماتوو. ئاماری قەزای خورماتوو لەساڵی ٢٠٠٢دا بەگوێرەی بلیتی ئازوقە بەم شێوەیە بوو

مەڵبەندی خورماتوو: ١١٥,٧٧٦کەس

مەڵبەندی ئامرلی ٣٣,٨٣٩کەس

مەڵبەندی سلێمان بەگ ١٧,٩٢٤کەس

بەگوێرەی ئاماری سەرپێیی کەپێیهەڵسام بۆ گوندەکانی هەردوو ناحییەی نەوجول و قادرکەرەم لە ئایاری ٢٠٠٤دا لەو گوندانەی تازە ئاوەدانکراونەتەوە بەم شێوەیە بوو:

نەوجوول: ٣,١٧٧کەس

قادرکەرەم: ١,٤٥٠کەس

ڕێژەی نەتەوایەتی مامۆستایان بەم شێوەیەیە لە سنوری تەواوی قەزاکەدا:

	عەرەب	کورد	تورکمان
مامۆستای سەرەتایی	٢٣٤	١١٢	١١٣٠
مامۆستای ناوەندی	٥٨	٥٠	٣٥١

ڕێژەی کورد زۆر کەمە چونکە حزبی بەعس کوردیان تەعین نەدەکرد. ئاماری قوتابیانی مەڵبەندی خورماتووش بەم شێوەیەیە.

قۆناغ	عەرەب	کورد	تورکمان
سەرەتایی	٢٦٧٥	٥٦١٤	٤٤٠٦
	٪٢١	٪٤٤,٢	٪٣٤,٧
دواناوەندی	٩٥٦	١٨٤٦	١٦٤٩
	٪٢١,٥	٪٤١,٥	٪٣٧

جێگا ئاینییەکان

مزگەوتەکان:

١. مزگەوتی دووزی گەورە: لەساڵی ١٨٨٧زدا لەلایەنی خاتوو حەسەنەی دایکی عەلییەوە بنیادنراوە، هاوچەرخی سوڵتان عەبدلحەمیدی دووەم بووە، ئەو مامۆستایانەی بەرنوێژیان تێدا کردبێت و ناویان بزانین مامۆستا مەلا جەمال و مەلا سمایل رۆژبەیانی و مەلا مەنسورو مەلا مەحمود محەمەد ساڵح و مەلا وەهاب و مەلا عارف و مەلا ئومێدو مەلا عەلی حوسێن.

٢. مزگەوت و حوسێنییەی پێغەمبەری گەورە:کەلەساڵی ١٩٢٦زدا بنیاد نراوە.

٣. مزگەوت و تەکیەی شێخ برایم قەرەچێواری: لەساڵی ١٩٥٩زدا بنیاد نراوە. مەسجدە نەك جامع نوێژی هەینی تێدا ناکرێت.ئێستا مامۆستا مەلا تاهیربەك پێش نوێژی و ئیدارەی بەڕێوەدەبات.

٤. مزگەوت و حوسێنییەی ئیمام عەلی لەساڵی ١٩٦٦دا دروستکراوە

٥. مزگەوتی دووزی نوێ: لەساڵی ١٩٨٢زدا بنیادنراوە مامۆستایان مەلا مەحمود محەمەد ساڵح و مەلا رەمەزان وەلی قادرو مەلا محەمەد رۆستەم کاکل و مەلا ئەمین عەزیز جوادخوتبە خوێن و ئیمام بون ئێستاش مامۆستا مەلا فاخر ئیمامی مزگەوتەکەیە.

٦. مزگەوتی(سادە): لەساڵی ١٩٨٦زدا دروستکراوە، مامۆستا مەلا قادر گوڵباخی یەکەم ئیمام و خەتیبی بوو ئێستاش مامۆستا مەلا

عیسا شهاب. زەوییەکەی حاجی فتاح جومعە لەکی کڕیویەتی و بەسەرپەرشتی سەید هاشم دروستکراوە.

٧. مزگەوتی ئیمان: لەساڵی ١٩٨٨زدا بنیاد نراوە، مامۆستا مەلا فەوزی بەیاتی خوتبە خوێن بوو، لەپاشاندا مامۆستا مەلا ئەمین ئەحمەد گەرمکی و ئینجا مەلا محەمەد ڕۆستەم کاکل و لەپاشاندا مەلا سامان

٨. مزگەوتی(شهداء). لەساڵی ١٩٩٢زدا بنیادنراوە مەلا قاسم بەیاتی و مەلا فەخرەدین بەیاتی پێش نوێژیان کردووە

٩. مزگەوتی وەهاب: لەساڵی ٢٠٠١ ز دا بنیادنراوە یەکەم خوتبەخوێن و ئیمامی مەلا مەعروف بەیاتییە تائەمڕۆ.

١٠. مزگەوتی سەتار: لەساڵی ٢٠٠٢زدا لەلایەن خوالێخۆشبوو (سەتارلەکی)یەوە بنیادنراوە لەپاش مردنی محەمەدی کوڕی تەواوی کردووە. یەکەم ئیمامی مامۆستا مەلا فوئاد جهانگیرە تا ئەمڕۆ.

مەرقەدو مەزارگەکان:

١. مەرقەدی ئیمام ئەحمەد: وائەگێڕنەوە کە کوڕی ئیمام موسای کازم بێت

٢. مەرقەدی خاتوو مەعسومەی وا ئەگێڕنەوە کەکچی ئیمام موسای کازم بێت خەڵکی خورماتوو شێخ موحسنی پێ دەڵێن.

٣. مەرقەدی شێخ ئەحمەد تەییار.

٤. مەقامی ئیمام عەلی- لەسەر لوتکە بەرزەکەی چیاکەی ڕۆژهەلاتی خورماتووە.

٥. مەرقەدی سەید غەفور سمێدەعی لە گۆڕستانی گەورەدایە.

٦. مەرقەدی سەیدمحەمەد سەید عەبدولا گەرمکی دیسان لەگۆڕستانی گەورەدایە.

تەکیەکان

١. تەکیەی سەید هاشم مەحمود نعێمی.
٢. تەکیەی قەرە چێواری سەید وەلی محەمەد گەرمکی پیرخدری.
٣. تەکیەی کەسنەزانی مەلا فوئاد جهانگیر.
٤. تەکیەی ڕفاعی سەید محەمەد سەید غەفور.
٥. تەکیەی عەبدالآنی پیرخدری سەید تارق سەید مەحمود.
٦. تەکیەی کەسنەزانی خەلیفە جاسم جگەلە تەکیەو مزگەوتی شێخ برایمی قەرە چێواری بەئیدارەی مامۆستا مەلا تاهیر عەباس کە باسمانکرد.

قوتابخانەی ئایینی


لەهەموو شاروشارۆچکەیەکی کوردستاندا بەلای کەمەوە خانەقایەك هەبووە بۆ فێرکردنی فەقێیان، خوێندنی لای مەلا مەڵبەندی ڕۆشنبیری سەرەکی بووە. لەخورماتوودا مزگەوتی دووزی گەورە، وەکو وتمان لەساڵی ١٨٨٧زدا بنیادنراوە قوتابیانی ئایین و فەقێیان ڕویان تێکردووە لای مەلا تەها دەرسیان خوێندووە[1]

مەلا تاها باوکی مەلا جەلال باوکی مەلا جەمال باوکی مەلا سەلاح بووە، لە دەستخەتی(شرح العوامل في النحو)لە پەراوێزەکەیدا دووبارە نوسراوەتەوە لەلایەن عەبدولقادری کوڕی ئیسماعیلی کوڕی محەمەدی

---

[1] د.عماد عبدالسلام رووف (مراكز ثقافية مغمورة في كردستان)ص٢٨-٢٩.

کوڕی فەقێ برایم کە لە خورماتوودا لای مەلا تاها دەرسی خوێندووە بەو بەڵگەنامەی پێشوەوە توانرا لەساڵی ٢٠٠٢زدا ڕەزامەندی بۆ وەربگیرێتەوە بەناوی قوتابخانەی ئیمامی شافعی ئاینییەوە بەڕێوەبەری مامۆستا مەلا مەعروف بەیاتییەو مامۆستاکانی مەلاخالد خەلیل گەرمکی پیرخدرییە لەگەڵ مەلا سەلاح مەلا جەمال لەمزگەوتی وەهابدا کرایەوە.






ئاڵای کوردستان لەسەر لووتکەیەکی زنجیرە بەرزاییەکانی خورماتوو



گۆڕستانی شەهیدان



ناو بیرە داتۆشراوەکان



بیری نەوتی داتۆشراو



بیره نەوتەکانی (گزوگۆڕ)ی سەر بەخورماتوو




کانە خوێکانی خورماتوو (مملحە)



مُملحە



دیمەنێکی ئاوە سپی لەخورماتوو



ئەحمەد حەمید گەرمکی پیرخدری

لەدایك بووی ساڵی ١٩٥٩ لە شاری خورماتوو

دەرچووی کۆلێژی یاسایە، کۆلێژی عەسکەری

ئێستا پارێزەرەو بەڕێوەبەری هەڵبژاردنەکانە لەشاری خورماتوو

لە بڵاوکراوەکانی:

-سەیدەکانی گەرمکی گەرمیان

-تیشکی قورئان

لەچاپکراوەکانی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپو بڵاوکردنەوە لەوەزارەتی ڕۆشنبیری

نرخی (١٥٠٠) دینارە